

پرۆڤەیەک لە یادەوەری دەنگ

کە جامی یا ئەوەتە لاسایی کەسێك دەکاتەوە و کاریگەری ئەوی بەسەرەوەیە، یا ئەو فەیلەسووفێکە، ئەگەرچی ئەو فەیلەسووف نیە، بەڵکو کارەکانی ئینتیما دەکەن بۆ فەلسەفە، بەتایبەت ئەوانەی پەیوەندیان بە چارەنووسی مرۆڤەوە هەیە، ئەو لەو کارەدا نایەت وانەی ئەخلاقیمان پێشکەش بکات، بەڵام کەشفی حەقیقەتی بوونی مرۆڤایەتیمان بۆ ئاشکرا دەکات، وەك ئەوەی خۆی دەیبینێت، بەو شێوەیەش هاوکاریمان دەکات لەسەر تێگەیشتنی دەروونی خۆمان، بۆ حەقیقەتە خۆش و ناخۆشەکانمان، بەڵام باوەڕە ئاینیەکانی نارۆشنن، لەبەر ئەوەی ووتەزا و کارەکانی بەرەو حەقیقەتی ئەو باوەڕە ئاینیانەمان نابات، بەڵکو ئەوەی تیا دەردەکەوێت کە ئەو دینی قبوڵ نیە، هەروەك مارکس دەیووت "من مرۆڤێکی باوەڕدارم تا ڕادەی ئەوەی بەشێکی زۆری ژیانم بە باوەڕداری بردۆتە سەر، چونکە کۆمەڵگا ناتوانێ پارێزگاری لە بوونی خۆی بکات بە بێ پارێزگاریکردن لە ئاین" ئیرادەی مرۆڤێك بەرپرسە لەسەر جولاندنی دەست بۆ نموونە، بەڵام لە حەقیقەتدا ئەو جولەیە ناگەڕێتەوە بۆ ناردنی نامەیەك بۆ مێشك، بەڵکو لەواقیعدا خودا دەست دەجولێنێت، دیکارت بڕوای وایە سەرەتا هەموو فرمانەکان و کارەکانمان کە پێی هەڵدەستین خودا دەری دەکات، لەبەر ئەوە تەواوی فیکری مرۆڤایەتی خاوەن کاریگەر و ئاراستەی دیاریکراوە، کە لەواقیعدا خەیاڵکردنێکی ڕاست نین، ئەگەر پەیڕەوی ئەو فەلسەفەیە بکەین، قاچی کەسێتیەکان بریتیە لە کردار و دژە کردارێکی نوێ، کە نیهاد جامی باوەڕی وایە دەتوانێ جارێکیتر هیواکان درووست بکاتەوە بۆ ڕزگاربوون لەو ئازار و ئەندێشانەی کە ڕووبەرووی حەقیقەتی بوونی مرۆڤایەتیمان بۆتەوە.

بەلای (سارتەر) ەوە لەسەر مرۆڤ پێویستە ڕووبەرووی بوونی مرۆیی ببێتەوە لەڕێگەی دانان بەوەی لەڕەگی بوونمان حالەتێکی عەدەمی هەیە، پێویست بەوە دەکات لەناو دەروونمان وێنەیەکی بەردەوام بخولقێنین لەڕێگەی زنجیرەیەك تاقی کردنەوە کە لەبەرامبەرمانە "باوەڕی خراپ بەشی یەکەم لە باوەڕی خراپ پێك دێت لە حەسرەتێك کە مرۆڤ توانای ئەوەی نیە، حەسرەتی بوونی مرۆڤایەتی خۆی"

قێزەونی بوونی مرۆیی زۆر بەڕوونی لەلای جامی دەردەکەوێت، وەك بوونێکی سەرسوڕهێنەر بەوێنەیەکی ووردبین و گوزارشت ئامێز، هەوڵی تیا دەدات ئەوەمان بۆ دەربخات ئێمە بەیەکتری نامۆین، دوڕاوین لە پەیوەندی کردن بەیەکەوە، هەندێکمان ناتوانین لەوەیتر تێ بگەین، هەتاوەکو ئەگەر

هەڵگری هەمان زمانیش بین بەڵام دەبینین ئەوانەی بەشـداری لـەو بزووتنەوە شـانۆییە دەکەن دوای هەڵەیەکـی بیرکردنەوە دەکــەون، چونکە زۆربەی ئەو جولە و جل و بەرگ و دەرکەوتە جەســتەییەکان لێدانەوەیە لەو نەریتە ڕۆژانەییەی بە شێوەیەکی ئاسایی بەڕێوە دەچێت، بۆیە دەبینین لەزۆربەی کارەکانی ئەودا هەمان شــێواز پیادە دەکات، بە تایبەتی ئاگر، ئەوە ســەرەڕای ئەوەی کەسایەتیەکان لەو کارانەدا هەست دەکەن لەهەمان کاتدا ڕۆڵەکانی خۆیـــان دەگێڕن، کە بینــەران داوای چوونە ناخی وێنەکان دەکەن، ئەگەرچی تیپـــی ئەزموونگەری بروایان وایە ئـــەوان بۆ بینەری نوخبە کار دەکـــەن، ئەوەش مانای وایە لای ئەوان (هونەر لەپێناو هونەردایە) لێرەدا دەپرسین ئایا بینەرێکی نوخبەویمان لەکەرکوك هەیە؟ ئەگەر هەشمان بێت لەپەنجەکانی دەستێك تێناپەڕن، چونکە لەڕێگەی بینینی ئەو کارانە ئەوەمان بینیووە چەند بۆچوونێك هەیە، هەروەها تێبینی ئەوەشمان کردووە هەندێك دووبارە بوونەوە لە کارەکان هەیە، ئەگەرچی ئەوان نکوڵی لێ دەکەن، با پرســیاری ئەوەش بکەین کە بۆچی دەبێ هەموو کارەکانی ئەو تیپە نیهاد جامی دەرهێنەری بێت؟ ئایا پێویســت نیە دەرفەت بە لاوەکان بدرێت بۆ ئەوەی تواناکانی خۆیان تاقی بکەنەوە؟ ئەوە بەدوای ئەوەی دان بەو ڕاســتیەدا دەنێم کە نیهاد جامی و تیپی شانۆی ئەزموونگەری بزووتنەوەیەکیان درووست کردووە، زۆر لەوانەی باســیان لە شانۆ دەکرد و لەخۆبایی بوون و بڕوا قێزەونەکانیان دەردەخست و بانگەوازی ئەوەیان دەکرد کە کاری ئەزموونگەریان کردووە لەکاتێکدا کارەکانیان ئەزموونگەری نەبوون، جامی توانی لەڕێگەی ئەزموونەکانیانەوە ئەوانەش لەو خەوە قووڵە بە ئاگا بێنێتەوە.

**تێبینی: ئەم ووتارە بەزمانی عەرەبی نووسراوە و لە ماڵپەری (الفوانيس) ی شـانۆی ئوردنی بڵاوکراوەتەوە، بەهۆی ئەوەی پەیوەندی هەبوو بەم مەڵەفەوە کردمانە کوردی بڵاومان کردەوە**



**یادەوەری دەنگ وەک ئەزموونێکی جیاواز لە قشڵەی کۆیە**

# گفتوگۆیەکی ڕەخنەیی لەبارەی ئۆدیبی زەردەشت



دەنگ نووسینەوەی یادەوەری

**ئا: سەلاح حەمە ئەمین**

دەقی ئەم گفتوگۆیە بەدوای نمایشـــی (ئۆدیبی زەردەشت) هاتووە، کە ڕۆژنامەنووس ســەلاح حەمــە ئەمین کۆمەڵێك پرسیاری ئاراستەی نیهاد جامی کردووە، لەبارەی ئەو ئەزموونە شــانۆییەوە، ئــەوەش دەرگا کردنەوەیەکی ترە بــۆ پەیوەندی ڕوناکبیران بە ئەزموونەکان و دواتر خوڵقاندنەوەی جۆرێکیتری پەیوەندیە بە بینەرەوە، کە لەو ڕێگەیەوە وەڵام بە بەشێکی تری پرسیار و تێبینی و ڕەخنەکان دەدرێتەوە.

* لە شــانۆگەری (یادەوەری دەنگ) ەوە ئەزموونەکانتان چوونەتــە نێو قۆناغی کارکردن لەســەر خــودی دەنگ، لە ئەزموونی (ئۆدیبی زەردەشــت) چ شتێکی نوێتان خستە سەر ئەزموونەکانی ڕابردووتان؟

- ئێمە هەمیشــە لە گەڕانێکــی ئەزموونکاریداین. کاری ئێمە پشکنینە، بۆیە ئەو پشکنینە ئێمەی گەیاندە قۆناغێکی نوێ کە تیایدا دەنگ و جەســتە دوو میکانیزمی ســەرەکی خــودن، لەڕێگەی ئەو میکانیزمانــەوە دەمانەوێ ئەزموونی جیــاواز بنیات بنێین، ئەوەی ئێوە بــە (خودی دەنگ) ناوی دەبەن، لەڕاســتیدا لای ئێمە ئەوە خود نیە، بەڵکو جەســتە و دەنــگ هەردووکیان میکانیزمی فیگورە، فیگور ئاماژەیە بۆ خودی نمایشکار، خود لەگەڵ یەکەم ڕۆژی مەشقەکان لەنێو شوێن تەوزیف دەبێت، خودی نمایشکار دەگۆڕێت بۆ جەستەی کولتــوری، لەگەڵ یەکەم مەشــقەوە تــا دوای نمایش و ئەو کاتەی ئەو کەرەستە تایبەتیەکانی خۆی کۆ دەکاتەوە شتێ نیە بەناوی خودی نمایشکار، چونکە جەستەی کولتوری شوێنی گرتۆتەوە، ئەو تەنیا ئەو کاتانە خودی نمایشــکارە کە قســە لە پرۆژەیەکی شــانۆیی نوێ دەکەین، کاتێ گفتوگۆ لەسەر چۆنیەتی پرۆژەیەکی ئەزموونکاری دەکەین، لەگەڵ دەســت کردن بە مەشــق دەبێت بە جەســتەی کولتوری، ئەو جەستەیە هەڵگری کۆی ئەو یادەوەریــە خودی و کولتورییە کە ئەو لە ئەزموونی نێو ژیان ئەزموونی کردووە، لەو ڕوانگەیەوە (ئۆدیبی



**کارگەر جەواد و شکۆ عومەر لە ئۆدیبی زەردەشت**

زەردەشت) بەدوای ئەزموونی (یادەوەری دەنگ) دووەم هەوڵی ئەزموونکاری ئێمەیە لەم قۆناغەدا، ئەو دوو هەوڵە لەڕووی یەکەی گوتارەوە زۆر لەیەك جیاوازن، کەسێك هەست بەو جیاوازیە نەکات توانای خوێندنەوەی بونیادی کولتوری نێو نمایشە ئەزموونگەریەکانی نیە، بوونی کۆڕە ڕەخنەییەکان بۆ ئەو دوو ئەزموونە گەواهی ئەوەمان بۆ دەدەن گوتاری ڕەخنەیی توانای نیە لە ئاستی ئەزموونەکان گفتوگۆ بکات، هێندەی بە پرۆسەی دەرەوەی شانۆوە خەریکن، توانایان نیە لەناو پرۆسەی شانۆ خۆی نزیك بکەونەوە، کارەساتێکی گەورەیە ئێمە خۆمان جیاوازیەکان دەست نیشان بکەین، ئەوە دەرخستنی ئەو ڕاستییە وەك بەشێك لە بینەرانی ئێمە دەڵێن "کارەکانی ئێوە لە ئاستی بینەری کەرکوك نیە، بەڵکو کاری جیهانین" دیارە ئێمە واسەیری جیهانی بوون ناکەین کە خۆمان داببڕین لە کۆمەڵگا، بەڵکو جیهانی بوون لای ئێمە پەیوەستە بە شێوازی دەربڕین و بەو فۆڕمەی ئەزموونەکە دەیگرێتە خۆی، بۆیە هەمیشە ناچار بووینە خۆمان ڕەخنەگری کارەکانی خۆمان بین، گۆڤاری شانۆکار بە مەبەستی ئاگاییەکی ڕەخنەیی بۆ ئەزموونەکانمان هاتۆتە دی. جیاوازی سەرەکی یا ئەو شتە نوێیەی تۆ لەو پرسیارەدا داوای دەکەیت، لەچەندین خاڵی گرنگ دەتوانین دەست نیشانی بکەین، سەرەتا ئێمە چارەسەرێکی تازەمان بۆ پانتایی کرد، بەوەی جەستەی کولتووری شوێنێکی دەست نیشان کراوی هەیە، وەك (یادەوەری دەنگ) نیە کە پانتایی شوێنی بەشداریکردنی ئەو جەستەیە بێت لەگەڵ وەرگر، بەڵام بینەر بۆی هەیە بچێتە پانتایی جەستەوە، کەچی جەستەی کولتوری بۆی نیە بچێتە پانتایی وەرگرەوە، خاڵێکیتر جیاوازی کولتوری ئەو دوو ئەزموونە، لە (یادەوەری دەنگ) ئێمە بڕوامان بە شانۆیەکی کولتوری هەبوو، کەچی لە (ئۆدیبی زەردەشت) شانۆیەکی فرە کولتوری پرۆژەی کارکردنمان بوو، بەڵام ئەو جیاوازیە پێویستی بە بینەرێکی بە ئاگا و خاوەن مەعریفەیەکی قووڵ هەیە، کە لە ئاستی ئەو تێگەیشتنە ئیستاتیکی و فەلسەفیەی شانۆ بێت، ئەوە جگە لە گەڕانەوە بەرەو مرۆڤی سەرەتایی کە پێشتر پەیوەندیەکە تەنیا پەیوەست بوو بە زەمەنێکی کولتوری دەستی نیشان کراو، سێکس لەم ئەزموونەدا وەك ئەزموونی پێشوو نەبوو بابەتێکی فەرامۆش کراو بێت، بەڵکو سێکس تەوەری سەرەکی نمایشەکە بوو، بەڵام بۆ تەوەری سەرەکی بوو؟ ئەوە پرسیارە گرنگەکەیە کە پرسیارێکی نا ئامادەیە لەو نێوەندە ڕەخنەیە هۆیەکەشی ئەوەیە نەبوونی ئاگایی فکرییە، بەهۆی ئەوەی ئەو پرسیارە

گەڕانەوەیە بەرەو جیاوازیەکی کولتوری، جیاوازیەك نەك بەتەنیا لەتەك ئەزموونەکانی ڕابردووی تیپی ئەزموونگەری، بەڵکو لەتەك دیدی باو بۆ گرێی ئۆدیب کە لە ئەفسانە گریکیەکەوە دەست پێ دەکات، لەلای ئێمە ئەو گرێیە بۆ مرۆڤی شامپازی و نیاندرتاڵ دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەوانە کێ قسەی لەسەر بکات، تۆ پێویستت بە ڕەخنەگرێکە لەئاست ئەو کارانەدا بێت، دڵنیام ئەزموونەکانی تیپی شانۆی ئەزموونگەری بۆ داهاتوو ڕەخنەگری نوێ بە مەعریفە و میتۆدی نوێ دێنێتە کایەوە، بەڵام تا هاتنی ئەو دەنگە نوێیانە کاری ئێمەیە لە گۆڤاری شانۆکار ئەو ئەرکەش بگرینە ئەستۆ، بەڵام بیرت نەچێت ئەزموونەکانی ئێمە ئیستفزاز کردنی چێژی باوی شانۆ بوو، گۆڕین و کودەتا بوو بەسەر تەواوی شانۆی کەرکوك، بەئاگا هاتنی نەوەیەکە لەناو خەوێکی قووڵ، لە داهاتوودا نەوەیەکی نوێ دێتە کایەوە، کە هەمیشە خەونی گۆڕانی دەبێت لە شانۆدا، چونکە ڕێرەوە زانستی و ڕاستەقینەکەمان دۆزیەوە، ڕێگایەك بۆ شانۆیەکی ئەزموونی، کە بزووتنەوەی شانۆییمان لێرەوە دابڕان لەتەك ئەو هەستە سادەیە بخولقێنێت، ئێمە ئارەزوو کردنمان لە شانۆ گۆڕی بۆ مەعریفەی شانۆیی.

* لەم ئەزموونە نوێیەتاندا کاریگەری (شانۆی وێنە-المسرح الصورە) بەسەر نمایشەکەتاندا دیار بوو، چی لەو بارەیەوە دەڵێن؟

- ڕێك نازانم مەبەستت لە شانۆی وێنە چ ئەزموونێکە؟ کام ئەزموونی وێنەیی؟ ئەگەر مەبەستتان ئەزموونی (د. صلاح القصب) ە پێم وایە بەهەڵە تێگەیشتنێك هەیە، چونکە ڕاستە هیچ ئەزموونێکی ئەم شانۆکارەم نەدیووە، بەڵام تەواوی بەیاننامە و توێژینەوە و سیناریۆ شانۆییەکانی و ووتارە ڕەخنەیی و گفتوگۆکان، ئەوەی بەم دوایە لە کتێبێکدا کۆی کردنەوە بەووردی خوێندومەتەوە، هەست دەکەم جیاوازی زۆر وورد هەیە لە جۆری کارکردنمان، ئەوەی لەهەمووی سەیرترە کاتێ لەهەولێر بووم چەند ووتارێکم لەسەر ئەو شانۆکارە نووسی، کەسانێك وەڵامیان دامەوە، دەیانووت "تۆ کاری ئەوت نەدیووە بۆت نیە باسی بکەی" تۆ واز لە ڕەهەندە کۆمیدیەکەی ئەو قسەیە بێنە، کە وەك ئەوە وایە تۆ شانۆی یۆنانیت نەدیووە بۆت نیە باسی بکەی؟ یا تۆ لەنزیکەوە شکسپیرت نەناسیووە بۆت نیە لە دەقەکانی کار بکەی، ئەو دوو تێگەیشتنە چ ئەوەی لە ڕابردوو ووترا یاخود ئەو پرسیارەی ئێوەش تووشی سەرسووڕمانیەکی سەیرم دەکات، بەهۆی ئەوەی من ناخوازم ئەزموونی کەسێکیتر دووبارە بکەمەوە، ئەو بنەمایانەی ئێمە بەدوایدا دەگەڕێین زۆر جیاوازە لە ئەزموونی ئەو، خۆ ئەگەر لەو شانۆیە وێنەیەدا مەبەستتان ئەزموونی خۆر ئاوایە کە پێم وایە زۆر جیاوازترە لە ئەزموونی قەسەب، ئەوەیان تاڕادەیەك پەیوەستە بە گەڕانی ئەزموونکاری چ لەو بنەمایانەی ئارتۆ کە پێشتر ئێمە دوو پڕۆژەی شانۆییمان بۆ تەرخان کردبوو، چ بۆ ئەزموونە هاوچەرخەکان لە شانۆی وێنەیی، بەتایبەت شانۆی وێنەی دانیمارکی، کە لەڕووی تێڕوانینەوە سوودمان لە لایەنە ڕیتوالیەکەی وەرگرتووە، بەڵام پێویستە ئەوە دەربخەین بە کۆتایی هاتنی ئەو قۆناغەمان کە بەدوای سێ ئەزموونیتر تەواو دەبێت، دەشێ قۆناغی سێیەمی ئێمە ئەزموونێکی شانۆی وێنەیی کوردی بێت، هەوڵدانمان بێت بۆ شانۆیەکی ئەزموونگەری وێنەیی کە چۆن شانۆی عیراقی خاوەنی ئەو ئەزموونەیە، ئاوا ئێمەش ئەزموونێك لە ئاستی شانۆی کوردی بنیات بنێین بە جیاوازی قووڵمانەوە لەتەك ئەزموونی شانۆکارانی شانۆی وێنەیی، کێ دەڵێ ئەو ئەزموونە هەروا دەمێنێتەوە، ئەو ئەزموونە پێویستی بەوە دەبێت ئەزموون لە شوێنی جیاوازتر بکات، ئەگەر پێویست بکات قۆناغی داهاتوو ئەزموونکردن دەبێت لەسەر تەختەی شانۆ بە ڕووناکیەوە، وەك چۆن لە ئێستادا جل و بەرگ ئامادە بوونێکی دیاری هەیە، ئەگەر ئەو ئەزموونە بچێتە سەر تەختەی شانۆ بۆ ئەزموونێکی وێنەیی ڕووناکی ئەو ڕۆڵە دەبینێت، بەڵام ئەوانە گریمانەن، ڕۆژێك بڕوامان بەوەش نیە بووەستین لە ئەزموون و بڵێین ئەوە شانۆی ئێمەیە.

* ئەو (چرا دەسکردانەی) لە نمایشەکەتاندا بەکارتان هێنا بوو چرە دووکەڵێکی زۆری لەناو هۆڵەکەدا دروووست کردبوو بە شێوەیەك زۆر لە بینەران ناچار بوون هۆڵەکە بەجێ بێڵن و ئەوانەشی کە مابوونەوە بەپێی پێویست سوود و چێژیان لە دیمەنە نمایش کراوەکان وەرنەگرت، ئایا ئەو حالەتە کاردانەوەیەکی پێچەوانەی لەسەر نمایشەکەتان بەجێ نەهێشت؟

- کاتێ لەسەر بینەر قسە دەکەین، ئێمە خاوەنی بۆچوونێکی جیاوازین، ئێمە چەندایەتی ئەو بینەرەمان بەلاوە مەبەست نیە، ئەوەش دژایەتی بینەر نیە، بەڵکو سرووت بۆ ئەوەی کاریگەری خۆی بەجێ بێڵێت پێویستی بە ژمارەیەکی دەست نیشان کراو هەیە، کە نابێت لە (٢٠-٢٥) بینەر تێبپەڕێت، وابزانم ئەو ژمارەیە لە هۆڵەکە مابوونەوە، بەڵام با بپرسین: کێ بوون ئەوانەی لەهۆڵەکە چوونە دەرەوە؟ ڕۆژنامەنووس و مامۆستایانی بەشی شانۆی پەیمانگا، ئەو کارەکتەرانەی فێر بوونە بە قات و ڕیباتەوە بێن لەڕیزی پێشەوە کورسیەکان

دانیشن، ئەو پیاو ماقوولانە لەلای ئێمە کورسیەکیان دەست ناکەوێ، بڕوا ناکەم دووکەڵی چراکان بەو ڕادەیە بووبن وەك ئێوە پێی هەراسان بوونە، بەڵکو کەسانێك هەن ناتوانن بینەربن لەم شانۆیەدا، بۆیە دەچنە دەرەوە. نەك دووکەڵەکە هەراسانی کردبن، ئەوان لە موحازەرە و دیدارە تەلەڤزیۆنیەکان باس لە بیتەر بروك و شانۆی سرووتی دەکەن، باس لە کاریگەری ئاگر و بۆن دەکەن، بەڵام ناتوانن لە سرووتێکی ڕاستەقینەی شانۆ تەنیا بینەرێك بن، نەك بەرهەم هێنەری سرووت، چونکە ئەو کارەی تۆ دەیبینی ئەو جۆرە کەسانە بەهەموو تەمەنیان پێی ناگەن، ئەو بەڕێزانە وا تێگەیشتوون شانۆ بریتیە لە قسەکردن و ووتنەوەی دەستەواژەکان، منەت کردن بەسەر قوتابیان، نازانن شانۆ بریتیە لە کارکردن، نەمزانی ئەو کوڕە ناسکانەی ئەم شارەی ئێمە بەرگەی دووکەڵ ناگرن، دەچنە دەرەوەی هۆڵەکە نەوەکو بخنکێن، دەزانی ئەو چرایە من نەمهێنایە ناو شانۆ، ئەوە ڕۆحی کوردی بوو هێنای، ڕۆحی کوردی بێ ئەو چرایە هەڵناکات، ئەوە کولتوری نێو ماڵی کوردیە، با بگەڕێینەوە بۆ ڕۆژە سەرەتاییەکانی ڕاپەرین، کاتێ بەعس بەدژی ئەو ئازادیەی ئێمە هەڵمانبژارد ووزەی کارەبای لێ بڕین، هەموو ماڵەکان پڕبوون لەو چرایانە، بۆ ئەو کات کەسمان گلەییمان نەبوو؟ ڕۆحی کوردی وای کرد ئەو چرایانە بێنە ناو ئەو ئەزموونە شانۆییەوە، ئەی بۆ ئەو کات هەستتان بە چڕە دووکەڵ نەکرد؟ بۆ چێژمان لە دانیشتنە خێزانیەکان دەبینی؟ ئەو چرا دووکەڵاویە شەوانە هەمووومانی بەدەوری خۆی کۆ دەکردەوە، باسمان لە حیکایەتی خورافی پێشمەرگە و ژیانی داهاتووی ئازادی دەکرد، دەنگانێکی شەویش دەچووینە حەوشەی ماڵی یار و ئەو چرایەکەی دەهێنا حەمامەکەی ماڵی خۆیان تا ژوانی عەشق و دەس لەملانێی تیا ساز بکەین، ئایا ئێمە توانای ئەوەمان هەیە پرسیار لە یادەوەری خۆمان بکەین؟ ئەو نمونەیەی من هێنامەوە بۆ عەشق، دەکرێ کەسانێك نموونەی زۆر جوانتری ئەو یادەوەریەی لەلابێت، با بێمەوە سەر پرسیارەکە، مەسەلەکە پەیوەست نیە بە سوود و چێژی بینەر، سوود وەرگرتن لەم ئەزموونەدا بوونی نیە، بەڵکو ئاوێتە بوونی بینەرە لەتەك جەستەی کولتوری لەناو سرووت، کەسانێك دەتوانن لەناو ئەو سرووتەدا ئامادە بن، چونکە هەڵگری ڕۆحیەتی، کەسانێکیتر هەر لە بنەڕەتدا دەیانەوێ دژایەتی ڕۆحی کوردی بکەن، ئەوەیان لەڕووی ڕاڤەکردنەوە. لەڕووی هیرمنیۆتیکی (تەئویل) یشەوە سرووت پەیوەندی بینەرە بە جەستەوە، هەردووکیان لەناو سرووت جەستەی کولتوری بنیات دەنێن، ئێستا لە بەرەنجامی ئەو تێگەیشتنەی ئێمەدا، ئەمجارەیان من پرسیاری ئەوەتان لێ دەکەم: کاردانەوەی پێچەوانە یانی چی؟ کێشەکە گرفتی مەعریفە و تێگەیشتنی شانۆییە، گرفتێکی ئەبستمۆلۆژیە کە پەیوەستە بە پەیوەندی شانۆکار بە میتۆدی کارەکەوە، هەڵەکە لەو کاتەدا لەوەدایە ئێمە ڕێگا بدەین هەموو کەسێك ببێتە بینەری ئەم شانۆیە.

* لەم ئەزموونەتاندا سوودتانی لە فرە کولتوری وەرگرتبوو، وەکو کولتوری زەردەشتی و یۆنانی و هندی، تاچ ڕادەیەك ئەو کولتورانە سوود بە ئەزموونەکانتان ئەبەخشن؟

- ئێمە سوودمان لە فرە کولتوری وەرنەگرتووە، بەڵکو لەو ئەزموونەدا ویستوومانە لە شانۆیەکی کولتوری بەرەو شانۆیەکی فرە کولتوری بێین، بۆیە دەبێت ئەو پرسیارەی بەڕێزتان بەجۆرێکیتر دابڕێژینەوە، ئەوسا بپرسین: ئایا شانۆیەکی فرە کولتوری تاچەند دەتوانێ گوتاری ئەزموونگەری شانۆییمان بەرەو ئەزموونی شانۆیەکی نوێ بەرێت؟ پێویستە پرسیارەکە بەمجۆرە بێت، چونکە شانۆی فرە کولتوری پێشنیارێکی (پیتەر بروك) ە لە شانۆدا، ئەوەش ئاوێتە کردنی کولتورە جیاوازەکانە لە نمایشدا، بەمەبەستی خوڵقاندنی نمایشێکی ڕیتوالی (سرووتئامێز) کە یەکەی نوێ لە شانۆ بە گوتاری ئەزموونگەری دەبەخشێت، (ئۆدیبی زەردەشت) توێژینەوەیەکی کولتوری و گەڕانێکی شانۆییە لەناو کولتورە جیاوازەکاندا، ئەوە گەڕانەوەیە بەرەو کولتوری کوردی کە تێکستی ئاڤێستایە، ئەو تێکستە هەر لە سەرەتاوە دەگەڕێتەوە بەرەو سەرەتاکانی دەرکەوتنی مرۆڤ و ئاوێتە بوونی بە ئەفسانەی گریکی، تا لەناو سرووتی هندیە سوورەکان یەك دەگرێتەوە، ئەو یەکگرتنەوەیە خاڵی کۆبوونەوەیە لەنێو کولتوری هندیەکان و ئەفسانەی گریکی، بەهۆی ئەوەی دەنگی (موتی) کە مانای دایك دەگەیەنێت، دەیانەوێ ئۆدیبی گوناهباری پێ پاك بکەنەوە، لەو ڕێگەیەوە فرە کولتوری سیستمێکی نوێی گوتار بنیات دەنێت، کە دەتوانێ گوتاری شانۆی ئەزموونگەریمان بەرەو شانۆیەکی فرە کولتوری ببات، ئەوەش تەواو جیاوازە لەو تێگەیشتنەی بڕوای وابوو دەتوانرێ شانۆی ئەزموونگەری کوردی لەڕێگەی تێکستی کوردی و کەلەپوری کوردیەوە بەرهەم بێت، چونکە ئاوێتە بوونی کولتورەکان شتێ نایەڵێت بەناوی کوردی بوون، هێندەی چەمکی شانۆکاری کورد دەبێتە ئامادە بوو، شانۆی کوردی دەبێتە پەراوێزێکی ئەو بابەتە.

* لەڕێکەوتی ٢٠٠٧/٩/٢٣ شانۆگەری (یادەوەری دەنگ) تان نمایشکرد، هەست ناکەی ماوەی کەمتر لە سێ مانگ



**دیدار مەجید لە ئۆدیبی زەردەشتدا**

دەرفەتێکی زۆر کەم بوو بەمەبەستی بە ئەنجام گەیاندنی ئەزموونی (ئۆدیبی زەردەشت) کە لەڕێکەوتی ٢٠٠٨/١/٧ نمایشتان کرد؟

- جارێ دەتوانرێ هەردوو ئەزموونەکە و سێ ئەزموونیتریش وەك پڕۆژەیەکی ئەزموونکاری بەردەوام سەیری بکەیت، نەك وەك دوو ئەزموونی سەربەخۆ و دابڕاو، ئەگەرچی هەریەکە لەو دوو ئەزموونە خاوەنی سیستمی سەربەخۆ و جیاوازن، بەڵام لەسەر بنەمایەکی ئەزموونکاری، کە هەردوو ئەزموونەکە و ئەزموونەکانی دواتریش ئەزموونکردنە لەسەر ئەو بنەمایانە، دواتر سەبارەت بەو بیرهێنانەوەی ڕۆژ و مانگە بۆ ئەو دوو ئەزموونە لێتی ناشارمەوە، هەمیشە لەو جۆرە پرسیارانە تێناگەم، چونکە لەبنەڕەتدا نەپرسیاری شانۆیین. نە ڕەخنەیی، بەڵکو پەتایەکە ڕەخنەگرە ئەرشیفیەکانی ئێمە دروستیان کرد، ئەوانە پرسیاری فەرمانبەرێکی فەرمانگەی نفوسن، بەڵام تاوانی ئێوە نیە، ئەوە ئەرشیفیەکان و هاوڕێ شانۆکارە تەمبەڵەکانن وایان کردووە ئێوە ئەو جۆرە پرسیارانە بکەن، شانۆکاری وا هەیە چەندین ساڵە لە خەڵوەتە و بەرهەمێکی نیە، لەکاتێکدا پێویستە شانۆکار خاوەنی پڕۆژە بێت، ئێمە لە تیپی شانۆی ئەزموونگەری خاوەنی ڕیبۆرتواری شانۆیی ساڵانەین، دەبێ لەهەر وەرزێکدا بەشێکیتری پڕۆژەی ئەزموونی ئەو قۆناغە تەواو بکەین، بەواتای لەگەڵ کۆتایی ئەمساڵ دەبێ ئەو قۆناغەمان تەواو بێت، کە بەدرێژایی ئەمساڵ دەکاتە چوار ئەزموون، ساڵی (٢٠٠٧) بەپێی ئەو بەرنامەیە کارمان کرد، ئەمساڵیش درێژەی دەبێت، تۆ کە کائینێکی شانۆیی بوویت کارت شانۆیە بۆیە شانۆکارت پێ دەووترێ، دەزانی کە وەڵامی تۆ دەدەمەوە بیر لەوە دەکەمەوە پڕۆژەی داهاتوو چی بکەین؟ چیە ئەوەی ئەمجارە ئەنجامی دەدەین؟ کاتێ گەیشتمە وەڵامی ئەو پرسیارانە جا بە مانگێك پێی بگەم یا بە سێ مانگ ئەوەیان گرنگ نیە، لەهەمووی مەبەستر ئەوەیە کە پڕۆژەیەکی نوێ لەلام گەلاڵە بوو ئەنجامی بدەم، کەسانێك وەك ئێمە تیپیان هەیە و ناویان شانۆکارە بە ساڵ بەرهەمێکیان نیە، ئەمڕۆ ئەگەر ئێمە لە نەخشەی شانۆی کەرکوك بێینە دەرەوە بیابانێکی ڕووت دەبینی، بۆیە چالاك بوونی ئەو بزووتنەوە شانۆییە زیاتر بۆ (تیپی شانۆی ئەزموونگەری) و (گۆڤاری

شانۆكار) دەگەڕێتەوە، لەپاڵ هەندێك هەوڵی دەگمەنی شانۆكارانیتر، كە بەداخەوە ئەو هەوڵانە نەبوونە بە پڕۆژە، بەڵكو تەنیا بە مەبەستی بەرهەم هێنانی نمایشێك هاتوونەتە دی، بەدوای نمایشەكە سەر لەنوێ بێدەنگی هەڵدەبژێرنەوە.

* ئایا ئەو ئەزموونانەی ئێوە نمایشیان دەكەن ناچنە ژێر ساباتی (هونەر بۆ هونەر) كە لە ئاستی توێژێكی دیاریكراون لە شانۆكاران و ڕۆشنبیران؟

- "ئێمە لەسەدەی میتا شانۆداین" ئاوا گرۆتۆفسكی سەیری ئەزموونە شانۆییەكانی خۆی دەكرد، شانۆی ئەزموونگەری پێویستی بە ئاگاییەكی فكری و جوانكاری و فەلسەفی هەیە، پرۆسەی شانۆیە لەناو شانۆ، ئەو ئەزموونەی ئێمەش شانۆیەكە چەندە لەناو گرفتەكانی كۆمەڵ و پەیوەندیە كۆمەڵایەتیەكان دەست پێ دەكات، بەڵام پێویستی بە بینەرێكە خاوەنی گومان لە مەعریفە و چێژی باو بێت و توانای خوڵقاندنەوەی پرسیاری هەبێت، ئەگەر ببێت بە شانۆیەك بۆ نوخبە خەوشێك لەوەدا نیە، چونكە ئێمە خۆمان نامانەوێ ئەوانەی بەدوای وەزیفەیەكی دەست نیشان كراو لە شانۆ دەگەڕێن، بەرەو كارەكانی ئێمە بێن، ئێمە بەدوای بینەرێكی دەستە بژێر دەگەڕێین، بەپێی ئەزموونەكانیش هەست دەكەین ئێمە دەتوانین بینەری خۆمان بدۆزینەوە، كە توێژێكی هۆشیار و ڕوناكبیرە و مایەی دڵخۆشی زۆرمانە، هێشتا ئەو ژمارەیەی تۆ بینیت تەواوی بینەری ئێمە نین، تەنیا ئەوانەی تا كۆتایی نمایشەكە لەگەڵ ئێمە لە هۆڵەكە مانەوە، ئەوانە بینەری ڕاستەقینەی ئێمە بوون، جارێكیتریش بۆ هەر ئەزموونێك تەنیا ئەوانە بانگ دەكەینەوە، چونكە بەر لە ئێمە هەست بە بەر پرسیاریەتی شانۆ دەكەن، هەر ئەوانیش بینەری ڕاستەقینەی شانۆی ئەزموونگەرین.

* تاچ ڕادەیەك ئەزموونەكانی تیپی شانۆی ئەزموونگەری كەركوك نزیكە لە ئەزموونەكانی لابۆری شانۆی لالش؟

- ئەزموونەكانی لابۆری شانۆی لالش بۆ ئێمە ئەزموونگەلێكن نەبینراون، بەهۆی ئەوەی ئەزموونەكانیانمان نەبینیووە، نازانین فۆرمی نمایش و ئامادە بوونی دەنگ لە چ ئاستێكدایە، بەڵام بەر لە ئێمە ئەوان دەنگ لەلایان ئامادە بووە، جگە لە كاری ئەو لابۆرە ئێمە تاكە گروپی ئەزموونكاری شانۆیی ناو شانۆی كوردین كە (دەنگ) مان هەیە و (ووشە) مان نیە، بەڵام ئەوەی من تێیدەگەم جیاوازی دەنگ لەنێوان تیپی شانۆی ئەزموونگەری و لابۆری شانۆی لالش دەتوانین لە خاڵێكی گرنگدا دەست نیشانی بكەین لەوەی دەنگ لە لابۆری لالش زیاتر دەنگێكە جەخت لەسەر تەكنیكێكی بەرزی ئاستی دەنگی دەكات، ئەوە گەڕانە بەدوای بونیادی ئاهەنگسازی لەنێو دەنگدا، هەرچی لەلای تیپی شانۆی ئەزموونگەری كەركوك دەبینرێت، دەنگ پەیوەستە بە یادەوەری كوردیەوە، لە تیۆریزە كردن و نووسینەوەی ئەزموونەكان ئەوەمان ناو ناوە (یادەوەری لەیاد كراو) بۆ ئێمە دەنگ ئەو یادەوەریە دەگەڕێنێتەوە، لابۆری لالش جەستە و دەنگ وەك یەك میكانیزمی فیگور سەیر دەكەن، بەوەی بە هەردووكیان فیگوری نمایشكار بنیات دەنێن، هەر بۆیە ناویان لە جەستەی نمایشكار ناوە (جەستەی ئاهەنگساز) هەرچی لەلای ئێمەیە هەریەكە لە (جەستە) و (دەنگ) دوو میكانیزمی گوزارشت كردنی سەربەخۆن، بەڵام لەناو پێكهاتی دەنگی كۆ نابنەوە تا ناوی بنێین (جەستەی ئاهەنگساز) بەڵكو لەناو پێكهاتی كولتوری كۆ دەبنەوە، بۆیە ناومان ناوە (جەستەی كولتوری) ئەگەرچی جەستەی كولتوری جەستەیەكی ئاهەنگسازە، ئەوانە نزیك بوونەوە نیە لە ئەزموونەكانی ئەو دوو گروپە، بەڵكو ئەوە خاڵە بنەڕەتیەكانە كە هەریەكە لەو دوو گروپە لێك جیا دەكاتەوە نەك نزیكی بكاتەوە، بەڵام مەسەلەیەكی ئەخلاقی هەیە ئەویش ئەوەیە ئێمە لەڕووی تیۆریەوە بەلابۆری شانۆی لالش كاریگەر بووین، ئەو كاریگەریە ناشارینەوە نامانەوێ لەسەر خاڵی داهێنانی ئەوان بژین بۆیە هاتین لە گۆڤاری شانۆكار مەلەفێكی تایبەتمان بۆ ئەزموونەكانیان تەرخان كرد، تاوەكو هەموو لایەك بزانن ئەوەی ئێمە دەیكەین كارێك نیە بەتەنیا ئێمە خاوەنی بین، بەڵكو كەسانی تر هەن كاریان تیای كردووە و تیایدا گەیشتوونە بەدەرەنجامی گەورەش، ئەوەش وای لە ئێمە كرد بەدوای ئەزموونیتر بگەڕێین، ئەوان دۆزەرەوەی دەنگن نەك ئێمە، بەڵكو ئێمە توانیومانە دەنگ بە ئاقار و ڕێڕەوێكی سەربەخۆ بەرین، كە نەچینەوە سەر كاركردنی كەس، بەڵام ئەو كاریگەریەی كە ئاماژەی بۆ دەكەین، مەسەلەیەك نیە ئەمڕۆ دەریبخەین، كاتی خۆی لەنامەیەكی ئێمەدا بۆ نیگار و شەماڵ نووسیبوومان "ئێوە ڕێگایەكتان بڕی بوونە هۆی ئەوەی زۆر دەرگا بۆ ئێمە بكەنەوە" لەوەڵامی ئەو نامەیەی ئێمەدا (نیگار حەسیب قەرەداغی) ئاماژەی بۆ ئەوە كردبوو كە ئەو نامەیەی ئێمە كاریگەریەكی تایبەتی لەسەر (شەماڵ عومەر) بەجێ هێشتووە، ئەوەش گوزارشت لەوە دەكات (شانۆی ئەزموونگەری پڕۆژەیەكی ناتەواوە) مەبەست لە ناتەواوی بە مانا فەلسەفیەكەی كە پڕۆژەیەكە هەمیشە پێویستی بە گەڕان و پشكنینی نوێ هەیە، یۆژینۆ باربا چەندە ڕوویەكی تری پڕۆژەی گرۆتۆفسكی تەواو دەكات (گرۆتۆفسكی) یش ڕوویەكی نادیاری گوتاری ئەزموونگەری (ئارتۆ) دەنووسێتەوە، لەسەر ئەو تێگەیشتنە بۆ ئێمەش هەروایە، ئەو



**گەڕان بەدوای ئاشكراكردنی نهێنی**

كاریگەریە توانای ئەوەی هەیە، ئێمە بەدوای خاڵی جیاواز بگەڕێین نەك لێكچوون، وەك چۆن هەر لەناو شانۆی كەركوك خۆی دەبێ ئەوەمان قەبووڵ بێت دەنگی نوێ بێنە كایەوە لەشانۆی ئەزموونگەری، نەك بۆ ئەوەی لە ئێمە بچن، بەڵكو بۆ ئەوەی جیاوازیەكانی خۆیان لە شانۆدا دەربخەن، لەوانەیە ئەو كارە كاتێكی زۆری بووێت، بەڵام ئەزموونی قووڵ و جدی هەمیشە پێویستی بە ئارامگری باشتر هەیە لەوەی بمانەوێت گۆڕان بكەین و نەزانین ئێمە لەچی ئەزموونكارین، لەهەموو ئەوانە گرنگتر ئەوەیە شانۆی كەركوك لە گوتاری باوی بەدرێژایی تەمەنی بەهۆی ئێمەوە ڕزگاری بوو، بڕواش ناكەم جارێكیتر دەسەڵاتی شانۆ لێرە بكەوێتەوە دەست دیمەنی دكتۆر و فەڕاش و دیمەنی سادە بەناوی نمایشی شانۆیی، بەڵكو ئیدی شانۆی كەركوك لەناو شانۆیەكی ئەزموونگەری توانای ئەوەی هەیە ئەزموونی جدی و جیاواز بنیات بنێت، بە دڵنیاییەوە ئەگەر ئەو هەوڵانە ڕێك بخرێت، ئەوا ئەمجارەیان شانۆ لە كوردستان لە كەركوكەوە سەردەمی گەشی خۆی دەژییێتەوە، ئێرە دەبێت بە پایتەختی شانۆی كوردی، بەڵام ئەو كارە پێویستی بە هاوكاری زۆر هەیە چ لە نێوان شانۆكاران خۆمان یاخود لەلایان دەزگا بەرپرسەكان، ئەوەیان بەتەنیا خەونێك نیە، ئێمە خەریكی نووسینی پڕۆژەی ستراتیژی شانۆین، ئەگەر هاوكاریش نەكراین دەكرێ بەدوای میكانیزمی تر بۆ ئەو پڕۆژەیە بگەڕێین، لەكاتی خۆشی پڕۆژەی ستراتیژی ئێمە بۆ شانۆ دەخرێتە ڕوو، بە شێوەیەی شیاو ئەو پڕۆژەیە بە ئەنجام دەگات.

# سۆسیۆلۆژیای شانۆ

**نیهاد جامی**

**بەشی دووەم و کۆتایی**

### شانۆناسی و کولتور

ئەم تەوەرە بەتەنیا تێگەیشتنێکی ڕەخنەیی نیە بۆ شانۆی ئەزموونگەری، بەڵکو بەرەنجامی گەڕانی ئەزموونکاریمانە لە ئەزموونی (ئۆدیبی زەردەشت) بۆیە ئەوە هەوڵێکە بۆ تیۆریزەکردنی ئەو ئەزموونە، ئەوەش بەشێکە لەپرۆژەی نووسینەوەی ئەزموونەکان، دەست نیشان کردنی ئەو دەرەنجامە ئەزموونکاریانەی کارکردنە، پشکنینی چەمکەکانە لەناو کاری شانۆیی، زیاتر کارێکی لابۆریە، بۆیە وەك شانۆی سوونەتی گرفتی ژمارەی زۆری بینەری نیە، بەڵکو پێویستی بە بینەرێکی دەستە بژێر هەیە، کە گوزارشت لە ڕۆحی ئەو ئەزموونە بکات، ئەوەش گومان کردنە لەو مەعریفە پێشینەییەی کە شوناسی شانۆکار بە کۆمەڵێك کارەکتەر دەبەخشێ، ئەو شوناسە لەلای ئێمە دەچێتە ناو گومانەوە، چونکە شانۆیەکە پێویستی بە زانستە مرۆیەکان هەیە، کولتور سەرەکیترین بابەتی ئەو شانۆییە، تەنانەت ڕیتوال (سرووت) کولتور بەرهەمی دێنێت. بۆیە ئێمە هێندەی لەو قۆناغە ئەزموونکاریەدا پێویستمان بە میتۆدی سۆسیۆلۆژیا (کۆمەڵناسی) هەیە، هێندە پێویستمان بە میتۆدی شانۆیی نیە، چونکە دەمانەوێ سۆسیءلۆژیایەکی شانۆیی بخەینە ڕوو، ئەوە فەرامۆش کردنی دیدە ئەزموونکاریەکان نیە لە شانۆدا، بەڵکو مەبەستمان فەرامۆش کردنی ئەو مەعریفە باوەی شانۆیە کە بەدرێژایی زەمەن تێگەیشتنی مێژوویی بۆ ئەو مەعریفەیە هەیە، لەناو تاکە ڕاڤەیەکی کۆنکرێتی سەیری شانۆ دەکات، ئێمە لەکاری شانۆیدا ویستوومانە لەدەرەوەی ئەو مەعریفەیە سەیری شانۆ بکەین، بەڵام دەسبەرداری تێگەیشتنە زانستیەکانی شانۆی ئەزموونگەری نەبووینە، هێندەی بەدژی یاسا کۆنکرێت و نەگۆڕەکان وەستاوینەتەوە، دیسان ئەوە گومان کردن نیە لەو مەعریفە شانۆییە، بەڵکو گومان کردنە لەتێگەیشتنی کوردی بۆ ئەو مەعریفەیە، چونکە مەعریفەیەکە دەتوانێ ببێت بە زەمینە بۆ گۆڕان، بەڵام بە وەستانی کارەکتەری دۆگما بەرهەم دێت، دژایەتی کردنی ئەو دۆگمایە و لێدان لەو وێنە نەگۆڕ و کۆنکرێتیانە ستراتیژێکی دیاری کارکردنە، کە توانای گەڕان بەدوای ڕۆحی شانۆی هەیە، ڕۆحێك هەمیشە لەگەڕانی ئەزموونکاری و پشکنینی نەزانراوەکان بێت، بۆئەوەی بەردەوام نەزانراو کەشف بکات و بەدوای نهێنیە ونبووەکانی تر بگەڕێت، ئەوەش تەنیا بەکارکردنی بەردەوام دێتەدی. خولقاندنی پەیوەندی شانۆ بە چەمك و زاراوە سۆسیۆلۆژیەکان، تویژینەوەیەکە شانۆ تیایدا مەبەستی کاری پشکنین کاریە بۆ خوێندنەوەی ڕووبەرێکی کەشف نەکراو، ئەوە دۆزینەوەی پرسیارە، گومانە لە تێگەیشتنی سوونەتیمان بۆ شانۆ، گۆڕینی یەکە و




دیمەنێک لە پرۆڤەی ئۆدیبی زەردەشت

پێکهاتەکانە، ئەوانەی بەدرێژایی زەمەن بازنەیەکیان لە کاری شانۆکاری کورد دیاری کردووە و بووە بە ستراتیژی سەرەکی کاری شانۆیی، هەڵوەشاندنەوەی ئەو ستراتیژە بەتەنیا لێدان نیە لەو سێنتەرە، کە هاوکێشەی (دەق+ دەرهێنەر+ ئەکتەر+ بینەر) هەڵدەوەشێنێتەوە، بەڵکو بونیادەکان جارێکیتر بریتی نین لە بونیادی نووسراو، بەڵکو بونیادی نەنووسراو تاکە میکانیزمێکە توانای خوڵقاندنەوەی شانۆی هەیە، خوڵقاندنەوەیەك لەسەر پەیوەندی شانۆ و کولتور وەستاوە، ئەو پەیوەندیە هیچ گوتارێکی بەر لە کارکردن قبووڵ ناکات، چونکە ئەو پەیوەندیە بەرەنجامی کارکردنە، دەرگاکردنەوەیە لە زانستەکان بەڕووی شانۆ، بەواتای لەدایکبوونی شانۆناسیە. شانۆناسی پرۆسەیەکە لەپێناو خوڵقاندنی جیاوازی، بەهۆی ئەوەی شوێنی (شانۆ کردن) دەگرێتەوە، جیاوازی بنەڕەتی لەنێوان (ناسین/ کردن) لەوەدا دەست نیشان دەکەین، ئێمە لەڕێگەی (کردن) ەوە دەمانەوێت خەریکی کارێك بین کە پێی دەوترێ شانۆ، هەمیشە بۆ ئەو کارەش (دەقی ئامادە کراو، پلان و دیدگای دەرهێنەر، ئەکتەر، ڕوناکی و مۆسیقاو جل و بەرگ و دیکۆر) مان پێویستە، چونکە دەمانەوێ کارێکی شانۆیی بکەین، هەر لەسەرەتاوە خەون بەو دنیایەی نووسین دەبینین لەپێناو گواستنەوەی بۆ سەر شانۆ، بەڵام هەرچی (شانۆناسی) ە لەودیو شانۆ کردنەوە هاتووە، لەدایکبووی پرۆسەی میتا شانۆیە، بەواتای بەدوای کۆتایی شانۆ کردن دێتە بوون، ئەوە گومانە لە شانۆ کردن، گومانە لەو مەعریفەیەی کە شانۆمان پێدەکات، هەموو ئەو بونیاد و پێکهاتانەی لەڕێگەی گوتارەوە سێنتەر بەرهەم دێنن، گومان لەتەواویان دەکەین، ئەو گومان کردنە هەوڵێك نیە بۆ سرینەوە، بەڵکو گەڕانێکی کولتوریە لەپێناو ناسینی شانۆ لەڕێگەی زانستەکانەوە، ئەوەش نمایشت کردنەوەی زانستەکان نیە، بەڵکو زانستەکان مەعریفەیەکە لەڕێگەی جەستەوە دەبێتەوە بەشێك لە جەستەی کولتوری، لەکاتی جولە کردنی جەستەی نمایش توانای بەخشینی ڕەهەندە مانادارەکانی هەیە. لەنێوان شانۆ و کولتور هەریەکە خاوەنی میکانیزمی تایبەت بە خۆیەتی، شوێنی نمایش کە هەمان شوێنی مەشقە ڕۆژانەییەکانە، بەریەککەوتنی میکانیزمەکانی ئەو دوانەیە، بەتەنیا ئەو بەریەککەوتنە نمایش بنیات دەنێت، بنیاتنانیش بەتەنیا بەرهەم هێنانی نمایشێکی شانۆیی نیە، بەڵکو لەدایکبوونی شانۆ ناسیە، چونکە نمایش لەناو دیدێکی قووڵی زانست و فەلسەفە دێتە بوون، کەوابێ شانۆ ناسی ناسینێك نیە پەیوەست بێت بە ووتار و توێژینەوە، بەڵکو ناسینێکە کارکردن بەرهەمی دێنێ، ئەوە جیاوازیەکی بنەڕەتی شانۆیە لەتەك هەر ژانرێکی ئەدەبی. نووسین توانای ئەوەی نیە شانۆ بناسێت، ئەگەر شانۆ بۆخۆی لە تێگەیشتنی سوونەتی دەربازی نەبێت و بەرەو زمانێکی ناتەبا و جیاواز هەنگاو نەنێت، ئەوا ناتوانرێت



کاتی ئۆدیب پەیوەندی سێکسی لەگەڵ جۆکاستای دایکی دەبەستێت



**شکۆ عومەر و کارۆخ سەیفەدین لە حیکایەتی لم**

گوتارێك ئامادە بێت لەناو کۆمەڵگادا، بە گوتاری شانۆ بیناسین، ئەو گوتارە هەمیشە پێویستی بەوەیە کاریگەریەکانی لەناو کایە کۆمەڵایەتیەکاندا بوونی هەبێت، شانۆکاری کورد کاتێ درووشمی (شانۆ قوتابخانەی گەل) ەی بەرز کردۆتەوە، نەیتوانیووە لەرێگەی ئەو دروشمەوە شانۆ بە کۆمەڵگاوە ببەستێتەوە و پەیوەندی شانۆ و کۆمەڵگا بکات بە پەیوەندیەکی ئەزەلی، بەڵکو تەنیا هەستی سۆزداری کۆمەڵگای جولاندووە، ئەوەش وای لێکردووە، شانۆ لەپەراوێزی گوتاری سۆسیۆلۆژیدا خاوەنی زمانێکی ستایش ئامێزی پێکەنیناوی بێت، زمانەکەی بارگاوی نەبووە بە سیستمێکی مەعریفی، بەڵکو زمانێك بووە لەناو سۆزەکانی بینەر نوقم بووە، ئەو زمانە هەمیشە بەدوای خۆشگوزەرانی ژیاوە، دڵەڕاوکە و گومان و پرسیاری نەبووە، ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی شانۆ نەبێت بە خاوەن گوتار، ئەگەرچی هەوڵدان لە شانۆی ئەزموونگەری توانی گۆڕان لەو زمانە بکات، بەڵام کاری لەسەر پرۆسەی ناسین نەکرد، هەر لەناو پرۆسەی ئامادەکردنی پێشووەخت هێشتیەوە، ئەوەش چەندە پەیوەست بوو بەو مەعریفە شانۆییەی ئەو ساتە کە شانۆکاری ئاراستە کردووە، هێندەش پەیوەندی بەو دۆخە بووە کە رەهەندەکەی دەست نیشان کراو بووە، بەڵام دەبێ ئەوەی تیا بەهەند وەربگیرێت، کە ئەوە بنەمایەکی زانستی بووە، زەمینەیەك بووە دەتوانرێ بکرێت بە سەرەتایەك بۆ ئیشکردن لەسەر بەزانست کردنی شانۆ لەپێناو ناسین. وەستان لەسەر شانۆی کولتوری فۆرمی شانۆکارێك و ستایلێکی شانۆیی نیە لەسەری بووەستین، بەڵکو تێگەیشتنی ئەزموونکاریمانە لەشانۆدا، بۆیە ئەو شانۆیە توانای ئەوەی هەیە، هەر شانۆکار و گروپێکی شانۆیی بەپێی ئیشکردنی لەو ئەزموونە تێڕوانینەکانی بنووسێتەوە، ئەوەی ئێمەش ئەنجامی دەدەین، بەتەنیا بەرەنجامی ئەزموونکردنمانە لە شانۆدا، ئەوە ئەزموونەکانمانە ئێمەی گەیاندۆتە ئەو ئاستەی بیر لە نووسینەوەی بکەین، نووسینەوەی ئەزموون هەوڵێکی تیۆریە بۆ کارەکان، هەر گروپێکی شانۆیی ئەو تیۆرە بکات بە یاسایەك بۆ کارکردن شتێکی نوێ وەدەست ناهێنێت، جگە لە لاسایی کارێك، ئێمە نامانەوێ ئەوە ببێت بە فۆرمێك بۆ ئەزموونێکی شانۆیی، چونکە بۆخۆشمان هەمیشە ویستوومانە گەشەی پێبدەین، بەرەو گەڕانەوە و پشکنینی ئاشکرا نەکراوی تری بەرین. هەریەکە لە شانۆ و کولتور خاوەنی میکانیزمی تایبەت بەخۆیانن، لەناو نمایش یەکەیەکی

هارمۆنی پێك دێنن، ئەو میكانیزمانە لەكاری ئێمەدا كەناڵی پەیوەندی نێوان شانۆ و سۆسیۆلۆژیایە، ئەوەش هەوڵێكە بۆ دژایەتی كردنی مەعریفەی شانۆیی، دەرچوونە لەو مەعریفەیە، بەزاندنی سنووری یاسا كۆنكرێتیەكانە، هەوڵێكە بۆ میتۆدی ئەكتەر لە شانۆدا، لەڕێگەی میكانیزمەكانی شانۆ و كولتور، ئەو هەوڵە پێویستی بە زانستە مرۆیی و سۆسیۆلۆژیەكان هەیە، چونكە بە تەنیا لەناو مەعریفەی شانۆییەوە توانای گەیشتنی نیە بە ڕیتوال، ریتوالی شانۆیی مەعریفەی شانۆیی لەلای دەبێت بە مەعریفەی نائاگایی، مەبەست سڕینەوەی ئەو مەعریفەیە نیە هێندەی گەڕانە بەدوای نەزانراو، وەك چۆن هەوڵ دەدات ئەنترۆپۆلۆژیای كولتوری و سۆسیۆلۆژیا بكات بە مەعریفەی ئاگایی، ئەوە لەسەر ئەو بنەمایە وەستاوە كە میتا شانۆ پرۆسەیەكە دەبێتەوە بە ئەنتی شانۆ، بەهۆی ئەوەی بەر گومانێكی مەعریفی و لەدایكبوونێكی شانۆیی نوێ دەكەوێت. بۆیە میكانیزمی كولتوری لەناو ئەو دوو زانستە دەردەكەون، هەریەك لەو دوو زانستە خاوەنی تێگەیشتنی سەربەخۆن لەسەر چەمكی كولتور، بەڵام ئەوە بەو مانایە نا كە دوو زانستی دابڕاون لە یەكتری، بەڵكو پەیوەندیان هەیە بەیەكەوە، ئەو پەیوەندیەش بە (ئەنترۆپۆلۆژیای كۆمەڵایەتی) ناو دەبرێ كە لقێكی سۆسیۆلۆژیای بەراوورد كاریە. هەریەك لەو دوو زانستە توێژینەوە لە ژیانی مرۆڤ خاڵی سەرەكیانە، بەڵام لە ئەنترۆپۆلۆژیا (مرۆڤناسی) توێژینەوە لە ژیانی مرۆڤەكە خۆیەتی، كەچی لە سۆسیۆلۆژیا (كۆمەڵناسی) توێژینەوەیە لە ژیانی كۆمەڵایەتی گروپە كۆمەڵایەتیەكان و كۆمەڵگاكان، بەواتایەكیتر ئەنترۆپۆلۆژیا لەژیانی مرۆڤەكانی كۆمەڵگای سەرەتایی یا كۆمەڵگای نوێ دەكۆڵێتەوە، كەچی سۆسیۆلۆژیا لە بارەی ژیانی گروپە كۆمەڵایەتیەكان دەكۆڵێتەوە. كولتور لەلای هەردوو زانستەكە بایەخێكی تایبەتی پێ دەدرێت، ئەنترۆپۆلۆژیا لقێكی تایبەتی بۆ تەرخان كردووە، بەوەی (ئەنترۆپۆلۆژیای كولتوری) بریتیە لە شێوازی ژیانی هاوبەشی كۆمەڵگا، بەهۆی ئەوەی كولتور بەرهەمی مرۆڤە، هەر بۆیە ملكەچ بوونیشی بۆ یاساكانی سرووشت دیاردەیەكی سرووشتیە لەڕووی یاسای پێشكەوتن و مانەوە و گۆڕان، لەدەربڕینێكی تردا دەتوانین بڵێین ئەو زانستە بایەخ بە توێژینەوەی كولتوری مرۆیی دەدات، شێوازی ژیانی مرۆیی و ڕەفتارەكانی سەر بەو كولتورەیە، ئەو زانستە توێژینەوە لەبارەی كۆمەڵگا كۆن و نوێیەكان دەكات، ئامانجیشی دەست نیشان كردنی ڕەگەز و پێكهاتەی دیاردە كولتوریەكانە، دیارە بەهۆی ئەوەی چەمكی كولتور بۆخۆی خاوەنی چەندین پێناسی جیاوازە، بۆیە ئێمە نایەینە ناو ئیشكالیەتی ئەو چەمكە بەهۆی ئەوەی ئێمە لە چ ڕەهەندێكەوە سەیری ئەو چەمكە دەكەین، ئەوەیان بۆ ئێمە گرنگە، ئەگەر ئەو ڕەهەندە ئنترۆپۆلۆژیەی كولتور لەكاری ئێمەدا ببێت بە یەكێك لە میكانیزمەكانی، ئەوا ڕەهەندی سەرەكی و قووڵتری لەناو سۆسیۆلۆژیادایە. بەهۆی ئەوی لە سۆسیۆلۆژیادا كولتور بریتیە لە تەواوی شێوە جیاوازەكانی ژیان و نەریت و ئاكار و زانست و هونەر و هزر و بیروباوەڕ، بەواتای هەموو ئەوانەی كە ژیانی گروپێكی كۆمەڵایەتی بەڕێوە دەبەن چ لە ڕابردوو، یا لەو زەمەنە هەنووكەییەی ئێستا تیای دەژیێت، ئەوەش بەهۆی ئەوەی كولتور لەڕابردوو ڕووی نەداوە و لە ئێستادا لەناو زەمەنێكی داخراو بێت و لەگەڵماندا نەتوانێ بزاوت بكات، بەڵكو كولتور كراوەیە و لەگەڵ گۆڕانەكانی مرۆڤ گۆڕانی بەسەردا دێت، بەڵام لەهەمووی گرنگتر بۆ كولتور لەنێوان سۆسیۆلۆژیا و ئەنترۆپۆلۆژیای كولتوری لەوەدایە، چەمكی سرووت لەلای هەریەك لەو دوو زانستە بنەامی سەرەكی پێكهاتی كولتور پێك دێنن لەكاری شانۆییماندا، ئەگەر سرووت میكانیزمی سەرەكی كولتور بێت لەناو ئەو دوو زانستە، ئەی میكانیزمی شانۆ خۆی چیە؟ ئەگەر لە شانۆدا دەق بنەمایەكی سەرەكی بێت، دەرهێنەر ئەو بنەمایە بكاتە ڕەگەزی سەرەكی دەرهێنان و ئاوێتەی ژیانی بكات و ڕۆح وەبەر ووشەدا بكات، ئێمە لێرەدا دەقمان نیە تا دەرهێنەر ببێت بە خوڵقێنەری ژیان و ئەكتەر بكەین بە میكانیزمی نێو ئەو ژیانە، تاوەكو هەر لە سەرەتاوە تەواوی پلان و هێلكاریەكانی شانۆكە دەست نیشان بكرێت، بۆیە ئێمە چۆن دەق لەلامان بوونی نیە، دەرهێنەریش بەو واتا سوونەتیە بوونی نیە، سەرەتا هیچ شتێ بوونی نیە، ئێمە دەمانەوێ بەپێی ڕۆژەكانی كاركردن پڕۆسەی خوڵقاندن بێنینە دی، ئێمە ئەكتەر ناكەینە میكانیزمێكی نێو نمایشی شانۆیی، بەڵكو ئەكتەرەكە خۆی بریتیە لە میكانیزمی شانۆ، میكانیزمێك تەنیا ئەو دەتوانێ شانۆ بنیات بنێتەوە، ئەوەش لەڕێگەی دەنگ و جەستەوە یە، هەر یەكە لەو دوانە دەبنە خاوەنی چەمكی تایبەتی لەناو كاری شانۆییدا، چۆن كولتور لەنێو (ئەنترۆپۆلۆژیای كۆمەڵناسی) دێتە بوون، ئاوا ئەكتەر لەڕێگەی جەستە و دەنگ دێت، بەڵام هەریەكە لە جەستە و دەنگ تەواوی تێگەیشتنی باو تێكدەشكێنن، بەهۆی ئەوەی

ئەوان ملکەچی دەسەڵاتی دەق و بڕیاری پێشوەختەی دەرهێنەر نابن، بەڵکو لە شوێنی زاراوەی دەرهێنان (داڕشتنەوەی پانتایی) ئامادەیی هەیە، ئەوەشیان تەواو لەکاری دەرهێنان جیاوازە، بەهۆی ئەوەی دەیەوێ پەیوەندی نێوان (دەنگ/ پانتایی)، (جەستە/ پانتایی)، (ماتریال/ پانتایی) بدۆزێتەوە. خوێندنەوەی بۆ جەستە و دەنگ بەخشینی فۆڕمی نمایشە لەڕووی ناونانی ئەزموون و چڕکردنەوەی میکانیزمەکانی شانۆ و کولتور لەیەکەی گوتاری شانۆ، ئەوەش پڕۆسەی ڕێکخستنەوەی پەیوەندیەکان دەگرێتە خۆی، پرۆسەیەکە پێویستی بە کەسێکە پێی هەڵبستێت، هەمیشە لەناو گومان و پرسیاری پەیوەندیە ئەنترۆپۆلۆژیەکانی فیگورەوە بێت و دیدێکی سۆسیۆلۆژیانە لەشێوەی گروپێکی کۆمەڵایەتی بۆ نمایش دەربخات. ئێمە لێرەدا بۆ میکانیزمەکانی شانۆ هەردوو چەمکە سەرەکیەکە وەردەگرینەوە، بەواتای دەنگ و جەستە، هەردوو چەمکەکەش لەنێو بونیادی جەستەی کولتوری کۆ دەکەینەوە، کە جەستەیەکی کەرنەڤاڵیە، بەڵام با سەرەتا پرسیار لە دەنگ بکەین، بەوەی دەنگ چیمان پێ دەبەخشێت؟ دەنگ خاوەنی وێنەیەکی زهنی نیە لەلامان، دەنگ ئاماژەیەکی نێو یادەوەریە، یادەوەریەك بە زەحمەت دەتوانین بیگەڕێنینەوە، ئەوە دەنگی نێو ڕیتوالە ئاینیەکانە، ریتوالێك بە تەواوی بەرەو لەیادچوون ڕۆیشتووە، گەڕانەوە بەرەو دەنگ خولڤاندنەوەی ڕیتوالە، بەڵام ڕیتوالێك بە تەواوی لە ڕەهەندە ئاینیەکان بەتاڵ کراوەتەوە، وێنەی دەنگی لە پێناو گەڕانەوە بەرەو ئەو زمانە نایەتەوە، بەڵکو ئەو زمانە دەنگیە لەناو گەمە دەنگیەکان تێك دەشکێنێت، تا دەگاتە ئەوەی هەست بکەین ئەو دەنگەمان لەڕابردوودا دەناسی، بەڵام نەك بەو ڕەهەندەی نێو ئەو وێنە شانۆییە، تەنانەت فۆڕمی ڕیتوالەکەش فۆڕمێکی سەربەخۆیە و لەکارکردندا بنیاتی دەنێین، ئەوەش دەرخستنی دەلالەتێکی ڕوونە کە پێمان دەڵێت: دەنگ ئامادەبوونی یادەوەریە. نووسینەوەی ئەو ڕابردووەیە کە ووشە ناتوانێ بیکاتەوە حیکایەت، بۆیە دەنگ میتا حیکایەتە، بەدوای کۆتایی ووشە دێتە بوون، سنووری دەلالی فراوانە و خاوەنی تاکە وێنەیەکی ڕەها نیە، بەڵکو دەنگ پڕۆسەیەکە بۆ تەئویل کردنەوەی مێژوو، چونکە دەنگ لەوە دەردەچێت ئاوازێك بێت مرۆڤ دەری ببڕێت، دەنگ دەبێتەوە بە بوونێکی سەربەخۆ کە دەتوانێ مانای هاودژ بنیات بنێت. دەنگ وێردێکی ئاینی لە پاڕانەوە دەگۆڕێت بۆ دیدگا و ڕێنومایی کردن بۆ ژیان، ئەوە دەنگە مانای ئاینی وێرد هاودژ دەکاتەوە، گومان کردنە لەو وێنە دەنگیەی نێو ڕیتوال، بەرەو فرە مانایی لە دەنگدا، ئەوەش لەڕێگەی ئیشکردن لە شانۆیەکی فرە کولتوری، تاوەکو کولتورە جیاوازەکان لەناو کۆمەڵە دەنگێکی جیاواز ڕیتوال بنیات بنێن، ئەوەش ئامادە بوونی زمانێکی سەربەخۆی نمایشە، تەنیا لەڕێگەی کولتوری جیاوازەوە بەرهەم دێت. جەستە و دەنگ یەك میکانیزم نین بۆ فیگور، بۆ ئەوەی فیگوری نمایشکار بنیات بنێن، بەڵکو هەریەکە لەو دوانە میکانیزمی سەربەخۆی فیگورە، بەڵام ئەوە مانای وانیە جولە بوەستێ بۆ ئەوەی دەنگ هەبێت، نەخێر بەڵکو دەنگ و جولە بەیەکەوە ئامادە بوونیان هەیە، بەڵام هەریەکە پارێزگاری لەسەر ئاستی دەلالی خۆی دەکات، ئەوەش هۆیەکی سەرەکیە کە ڕاستەوخۆ بە (جەستەی کەرنەڤاڵی) ناوی نەبەین. دیارە ئەوەش پەیوەندی هەیە بەوەی دەمانەوێ دیدگایەکی خۆرهەڵاتیانە بنیات بنێین لە رووبەری گوتاری ئەزموونکاریەتی شانۆیمان، چارەسەر کردنی نواندنی ئەکتەریش لە شانۆی ئەزموونگەریدا گەڕانە بەدوای ڕووبەرێکی ناتەبا بۆ ئەوەی بەگژ ئەو ئیشکالیەتانەدا بچێتەوە، کە ئەکتەر لەکاتی نواندن ڕووبەرووی دەبێتەوە، هەوڵدانی شانۆکاری کورد لە شانۆی ئەزموونگەریدا هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو نواندنەی داوە، بەڵام ئەو چارەسەرکردنە وابەستە بووە بە ستراتیژی ئەزموونەکە، بەواتای نواندن لەنێو ئاسۆکانی ئەزموونەکە دەرکەوتووە، کە دیدگایەکی خۆر ئاوایی بووە بۆ جەستەی ئەکتەر، ئەوەش وامان لێ دەکات توانای پشکنین و گەڕان سنووردار بێت، خەسڵەتی ئەزموونکاریەتمان لێ دەسەنێتەوە، چونکە ئەزموونگەری ئێمە لەو شوێنەدا ناتوانێ سنووری دیدگا ئەورووپیەکان بگۆڕێت بۆ دیدگای نائەورووپی، گەیشتن بەو ئاستەی کە دەبێ ئەو دیدگایە بگۆرێت، سەرەتای گومان کردنە لە مەعریفەی ئامادە و گەڕانە بەدوای ڕووی نادیاری مەعریفە، ئەوەش کاری پشکنین کاریە، پڕۆڤەی شانۆیی بۆ ئەکتەر لەمەشقێکی ئاساییەوە دەگۆڕێت بۆ کاری لابۆریی، لابۆر شتە ئامادە کراوەکان وەلا دەنێ و دەیەوێ ڕووبەرێکی کەشف نەکراو بۆ نواندن بدۆزێتەوە، ئەوەیان دەسبەردار بوونە لەو تێگەیشتنە خۆر ئاواییەی لە ئەنجامی ئازاد بوونی جەستەوە دەیەوێ نواندن مومارەسەی پڕۆسەی ئازاد بوونی خۆی بکات، ئەو دیدگا خۆر ئاواییە جەستە نوێنەرایەتی خودی فیگور دەکات، بەهۆی ئەوەی جەستەیەکە سەرکوتکردن نەیهێناوە بۆ داکۆکی کردن لە کۆمەڵگا، چونکە جەستەی فیگور جەستەیەکە دەیەوێ بەدوای ڕەهەندی ئەنتۆلۆژیای خۆی بگەڕێت، گرفتی کولتوری نیە، هێندەی گرفتی لەو ڕەهەندە ئەخلاقی و



**حیکایەتی لم ئەزموونێک لە ئەنفالی نەتەوە دەپەڕێتەوە بۆ ئەنفالی خود**

سـایکۆلۆژییە کە بووەتە شوناسی پێکهاتەی جەستەی، بۆیە کاتێ دەم دەکاتەوە دەنگ ئامادەبوونی مێژووی چەپاندن نیە، دەنگ خۆی لە جەستە جیا ناکاتەوە، بەهەردووکیان سۆبجێکتی ئەو پێکدێنن، بۆیە ئەو جەستەیە دەبێتە جەستەیەکی کەرنەڤاڵی، جەستەیەك کە جولایەوە کەرنەڤاڵی سەمای خودگەرێتی ساز دەکات، کە هاتە دەنگیش کەرنەڤاڵی بێدەنگی جەسـتە بنیات دەنێت، ئەو تێگەیشـتنە بەرەو جەستەی خۆر ئاواییمان دەبات، بۆیە کاتێ بمانەوێ تێگەیشـتنمان بۆ جەسـتە تێگەیشتنی خۆرهەڵاتی بێت، نابێ بە تەنیا بە پرۆسەی گۆڕینی چەمك و زاراوەکان هەڵبستین، بەڵکو دەبێ ئەو گۆڕانەی ئێمە دەیخەینە ڕوو دەست نیشـانی بکەین. جەستەی خۆرهەڵاتی جەستەی مرۆڤـی نێو پەرسـتگا ئاینیەکانە، بەواتـای نەیتوانیووە لە جەستەی کۆمەڵگا جیابێتەوە، تاك لەوانیتر ئازاد نەبووە هێندەی لەناو جەسـتەی گشـتی خۆی تواندۆتەوە، ئەوە وای کردووە تێگەیشـتنی خۆرئاوایی بۆ ئەو جەسـتەیە تێگەیشتنێك بێت زیاتـر لە نواندنێـك بچێت کە ئەکتەر نەتوانـێ نوێنەرایەتی فیگـوری خۆی بکات، بەڵکو هەڵبسـتێت بـە نوێنەرایەتی فیگورێکی خۆرئاوایی، ئێمە بمانەوێ جەستەمان لەناو دیدێکی خۆرهەڵاتی دەربکەوێت، دەبێ جەسـتە هەڵبستێت بە نواندنی مێژووی خۆی، مێـژووی ئەو حیکایەتی سـەرکووتکردنی بوونیەتی، سـەرکوتکردن توانیویەتی هەریەکە لە جەسـتە و دەنـگ پارچە پارچە بکات، وەك بنیاتی جەسـتەی مرۆڤی خۆرئاوایـی نیە، کە دەنگ و جەسـتە لەیەك جیا نەکرێنەوە، جەستەی خۆرهەڵاتی جەستەیەکی سەرکوتکراوە، جەستەیەکە لەجەستەی گشتی جیا نەبۆتەوە، بۆیە دیدی فینۆمینۆلۆژی بۆ ئەو جەسـتەیە بەرەو تێگەیشتنی کۆمەڵناسیانەمان دەبات، بەهۆی ئەوەی هەریەکە لە دیاردەگەرایی جەستە و دەنگی تاك ئامادە بوونیان سڕاوەتەوە، کاتێ مەشق و گەڕانەکان دەیانەوێ جەستەی سەرکوتکراو ببێت بە جەسـتەی ئامادە لە شانۆدا، ئامادەبوون نواندنێك نیە بۆ نوێنەرایەتی فیگور، چونکە ئەکتەر بەتەنیـا نوێنەرایەتی خـۆی دەکات، تەنانـەت نوێنەرایەتی هاوڕێکەشی ناکات، هەر جەسـتەیەك پانتایەکی سەربەخۆی خۆی هەیە، گەیاندنەوەی ئەو جەسـتەیە بە دەنگ پەیوەستە بەو زەمەنە کۆمەڵایەتیەی جەسـتە و دەنگی لەیەك دابڕیووە، بەیەکگەیشتنەوە توانای ئەوەی نیە لەناو پێکهاتێکی کەرنەڤاڵی کۆیان بکاتەوە، چونکە جەسـتەیەکی ئـازاد نیە، بۆیە لەناو پێکهاتی کولتوری کۆ دەبنەوە، بیرۆکەی (جەستەی کەرنەڤاڵی ) چەمکێکە بە تێگەیشتنی خۆرهەڵاتیانەی ئێمە نامۆیە، بۆیە پێکهاتـی کولتوری ئەو ڕووبەرەیە کە جەسـتە و دەنگ کۆ دەکاتەوە، ئەو کۆبوونەوەیە جەسـتە ناو دەبات بە (جەسـتەی کولتوری ) جەسـتەیەکە لەنێو مێژووی خودگەرێتی خۆی و مێژووی کۆمەڵگا و یادەوەری ڕۆشـنبیری دەیەوێ بوونێکی نوێ بدۆزێتەوە، ئەو بوونە لەتوانای تێکستی نووسراو نیە پێی بگات، بەڵکـو بوونێکە لە ئەنجامی مەعریفـەی نا ئامادە دەخولقێت. کۆنەکردنەوەی جەسـتە و دەنـگ لەناو پێکهاتی دەنگی، بەڵکو بەیەکگەیشتنیان لەناو پێکهاتی کولتوری، ئەو

بەیەك گەیشتنە جیاوازی درووست کردن نیە لە نێوان (جەستەی کولتوری) و (جەستەی کەرنەڤاڵی) بەڵکو بەدوای بەیەك گەیشتنی دەنگ و جەستە، هەردوو جەستەکەش بەیەك دەگەنەوە، بەوەی جەستەی کولتوری دەبێتەوە بە جەستەیەکی کەرنەڤاڵی. دوور نیە هەندێك ناوی کەرنەڤاڵ (ئاهەنگساز) کورت بکەنەوە بۆ شانۆی ئاهەنگسازی، بەڵام ئەوە جگە لە هەڵەی میتۆدی گوزارشت لەهیچ تێڕوانینێکی تر ناکات، کەرنەڤاڵ پەیوەندی نیە بە گۆرانی و سروود و دەف لێدان و فۆلکلۆر، کەرنەڤاڵ بەشداری کردنی دەنگە لەناو پێکهاتی کولتوری، هەر ناونانێك بە شانۆی ئاهەنگسازی لەڕاستیدا نەبوونی توانایە بۆ تێگەیشتن لە فرە مانایی دەنگ و وێنەی دەنگی فیگور. دەنگ میتا حیکایەتە، میتا بوونیشی هەڵوەشاندنەوەی سێنتەری حیکایەتە، کە حیکایەت سێنتەری نەبوو. ئامادە بوونی کارەکتەر تێك دەشکێت، ئەو تێکشکاندنە دەبێتە بوار فەراهەم کردن بۆ ئامادە بوونی فیگور، کۆمەڵە فیگورێك نوێنەرایەتی کارەکتەر دەکەن، فیگور بونیادە و سێنتەر نیە، چونکە بونیادی لێکترازاو بەدوای هەڵوەشاندنەوەی سێنتەر دێتەوە بوون، بەبێ ئەوەی سێنتەر بخوڵقێنێتەوە، بۆیە دەنگ و جەستە گوزارشت لە دەنگ و جەستەی هیچ کارەکتەرێك ناکەن، هێندەی (بونیادی فیگور) و (بونیادی دەنگ) گەمەی گۆڕینەوەی ئاماژەکان دێننە دی، ئەو گەمەیە لەناو سیاقی مانا ناو دەبەین بە (بونیادی دەنگی فیگور) و (بونیادی فیگوری دەنگ) لەو گەمە کردنەش هەریەك لەو دوانە دەبنەوە بە (فیگوری بونیاد) و (دەنگی بونیاد). فیگوری بونیاد سەرکوتکردنی گێڕانەوەی ووشەیە، ووشە ئەو بونیادەیە نەك بوونی فیگور، بەڵکو (بونیادی ووشە)ی سەرکوتکردۆتەوە، بۆیە حیکایەتی کوردی چیرۆکی سەرکوتکردنی دەنگ و جەستەی مرۆڤ بووە، ئەوەش وا دەکات (فیگوری بونیاد) لەو گەمە ئاڵ و گۆڕەدا لەناو (دەنگی بونیاد) براکسیسی گەمە شانۆییەکە بکات، لەڕێگەی گۆڕینەوەی (ووشە) بە (دەنگ). لەکاری ئێمەدا جیاوازی بنەڕەتی نێوان (ووشە) و (دەنگ) بریتیە لەوەی ووشە بونیادێکە بۆ خوڵقاندنی حیکایەت، حیکایەتی سەرکوتکردن، کە گێڕەرەوەی حیکایەت لەناو تاك مانایی سەرکوتکردن، جەستەش وەك ووشە سەرکوت دەکات، سێنتەری حیکایەت بونیاد دەنێت، کەچی دەنگ میتا حیکایەتە، بەدوای کۆتایی سنور و دەسەڵاتی ووشە ئامادە دەبێت، ئازاد بوونی دەنگ. خوڵقاندنی فرە ماناییە، بۆیە دەنگ جەستەی سەرکوتکار ئازاد دەکات، ئەوە سەرباری ئەوەی میتا حیکایەت سێنتەری نیە، ئەو هەڵوەشاندنەوەیەش بونیادەکان دەخاتە ناو گەمەیەکی زمانەوانی لە ئاستی دەنگی، تیایدا بونیاد فرە مانایی لەدەنگ وەدەست دێنێت، بەڵام ئەو فرە ماناییە بەشداری لەتەك جەستە دەکات، بەڕادەی ئەوەی چەمکی جەستەی کولتوری ئاوێتەی یەکەی گوتاری کەرنەڤاڵی دەنگ دەکات، تاوەکو بمانگەیەنێتەوە سەر ئەو تێگەیشتنەی کە جەستەی کولتوری. جەستەیەکی کەرنەڤاڵیە، ئەوەش ئاوێتە بوونی جەستە و دەنگە بە یەکتری. ڕاستە ئەو دووانە دوو میکانیزمی سەربەخۆن، بەڵام هەر یەکێکیان بەتەنیا بە ڕۆڵی خۆی هەڵناستێت، چونکە ئەو کارەی ئێمە نە بانتۆمایمە "وەك لە قۆناغی پێشووی کارکردنمان جەستە میکانیزمی سەرەکی بوو" تاوەکو جەستە بە تەنیا گوزارشت لەخۆی بکات، نە دەنگ دەیەوێ ئۆپیرا و گۆرانی بنیات بنێت، بۆیە جەستە و دەنگ ئاوێتەی یەکتری دەبن و هاوکێشەکان دەگۆڕن بۆ (دەنگ-میتا حیکایەت-جەستەی کولتوری-جەستەی کەرنەڤاڵ). جەستەی کولتوری یادەوەری فیگورە لەنێو نمایشی شانۆیی، یادەوەری ئەو جەستەیە بریتیە لە کۆی ئەو ڕابردووەی جەستە تیایدا ژیاوە (ئەزموونکردنی ژیان) و (یادەوەری ڕۆشنبیری) و (ئامادەبوونی فیگوری ئەو لە کۆمەڵگاد) هەموو ئەمانە دەبنە شوناسی جەستەی کولتوری، جەستە ئەو شوناسە لەخۆی دادەبڕێت، بەڵکو بەو شوناسەوە دێتە ناو ڕاهێنان و مەشقەکانەوە، ئەوەش هاریکاریەکی باشی دەکات بۆ قووڵ کردنەوەی بنیاتی ئەنترۆپۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی نمایش، چونکە ئەوە وادەکات ئاگایی ئەو بەشداری بکات لە پرۆسەی بەرهەم هێنان، ئەو کاتە ئەو جەستەیە هێندەی پێویستی بە ئەزموونی خودی و زانستە مرۆییەکان هەیە، بەو شێوەیە پێویستی بەو مەعریفە شانۆییە نیە کە لە دووتوێی کتێب و موحازەرە هونەریەکان فێری دەبێت، بەڵکو ئەو تاچەند دەتوانێ مەعریفە لەنێو تیۆرە زانستیەکان بخوڵقێنێت، خوڵقاندنەوە ئامادە بوونی تەواوی ئەو کولتورەیە کە جەستە شوناسی بوونیەتی و لەناو شانۆ بنیاتی دەنێتەوە، بنیاتنانەوە. تێکشکاندنەوەی کولتور و سەر لەنوێ خوێندنەوەیەتی، دۆزینەوەی نهێنیە شاراوەکانی کولتورە، ئاشکرا کردنی ئەو نهێنیە کولتوریە پشکنینێکی شانۆییە، کە پەیوەستە بە گەڕانەوە بۆ یادەوەری کولتورە جیاوازەکان، ئەوەش فرە کولتوریە، بەڵام فرە کولتوری لەو ڕەهەندەوە نا کە ئێمە کۆمەڵە



فیگورێکـــی کولتور جیـــاواز بێنین، بەڵکو (یادەوەری ڕۆشنبیری ) جەستەی کولتوری، بەرەو کولتورە جیاوازەکان دەڕوات و دەیەوێت لەناو یەکەی گوتار کولتورەکان کۆ بکاتەوە، ئەوەش شانۆیەکی فرە کولتوریە، لەڕێگەی جەســتەی کولتوریی، بەبـێ گەڕانەوە بۆ جەســتەی کولتورە جیاوازەکان، ئەوەشـیان یەکێکە لەو خاڵانەی کە توانای ئەوەی هەیە ئێمە لـــەزۆر گروپـــی ئەزموونکاریتر جیا بکاتەوە. ئێمە دەمانەوێ جەستەی کولتوری بۆخۆی ئەو توانایەی هەبێت لەڕێگەی ئەو مەعریفەیـــەی لەلای ئامادەیـــە کولتوری ئەوانیتر وەك بنەمایەك بۆ ڕیتوال وەربگرێت، ئەوە لەسەر ئەو تێگەیشـــتنە نیە، کە ئێمە ڕیتوالی کولتورەکان دووبارە بکەینەوە، بەڵکو تەنیا ســـوود لە تەکنیکـــی کولتورەکە وەردەگرین و ســـەر لەنوێ ڕیتواڵێکی شانۆیی بنیات دەنێینەوە، کە بارگاویە بە دەلالەت و ڕەهەندی پرۆژە شـــانۆییەکەوە، ئـــەو ڕیتوالەی لـــە ئەزموونێکدا پێی دەگەیـــن، ناتوانین لە ئەزموونێکی تـــردا دووبارەی بکەینەوە، چونکە هـــەر ڕیتواڵێك بەرهەمی ئەو ســـاتە ئەفرێنەرەیە کە تیایدا خولقاندن دێنێتە بوون. ریتوال لەڕێگەی جەستەوە لەناو شـــانۆیەکی فرە کولتـــوری کۆ دەبێتەوە، ئەوەش ســـتراتیژی ســـەرەکی جەســـتەیە بۆ کارکردن، بەواتای جەســـتە کەناڵی گەیاندنـــی کولتورەکانە لەناو ریتوالدا، بەهۆی ئەوەی ئێمە بە تەنیا جەســـتە بەتاکە زمانی شـــانۆ نازانیـــن، بەڵکو دەنگ میکانیزمێکی تری فیگورە. وەك جەستە ئامادە بوونی هەیە، بۆیە چۆن جەســـتە دەبێتەوە فاکتەرێکی ســـەرەکی بۆ ئامادە بوونی کولتور، دەنگ بەهەمان شـــێوە بونیـــادی کەڕنەڤاڵی بەجەســـتە دەبەخشێت، ئەو بەخشـــینە (جەستەی کولتوری+ بونیادی کەڕنەڤاڵی ) هاوکێشەکە بە (کەڕنەڤاڵی کولتورەکان) تەواو دەکات، بەواتای نمایشـــی شانۆیی لای ئێمە دەبێت بە (کەڕنەڤاڵی کولتورەکان) ە.

ئەوەش گەیشتنە ئەو دیدگا هونەرییە کە جەستەی کولتوری. جەســـتەی کەڕنەڤاڵیە، بەهۆی ئەوەی دەنگ لە نووسینەوەی ئەو جەســـتەیە بەشدارە، بەلای (ئەندری کلاڤل) زەحمەتە قسە لە کەڕنەڤاڵ بکرێت. بەبێ قســـە کردن لە جەستە، وەك چۆن قســـە کردن لە کەڕنەڤاڵ بە قســـەکردن لە (ووزە) ناو دەبات، نەك دەســـت نیشـــان کردن. کەوابێت بۆ ئێمە کەڕنەڤاڵ بریتی نیە لە وێنەیەکی بەرجەســـتە کـــراوی گوتارێکی کەڕنەڤاڵی لەڕێگەی ســـاتی بەریەککەوتن لەگەڵ هەر جۆرە ئاهەنگێك، بەڵکو کەڕنەڤاڵ وێنەیەکی دەنگیە، بونیادی دەنگی کەڕنەڤاڵ بنیات دەنێت، کە جەســـتە بۆخۆی ڕاســـتەوخۆ وابەست بێت بـــە کەڕنەڤاڵەوە، ئـــەوە نامانگەیەنێتە ســـەر ئـــەوەی بەبێ (دەنگ ) یش بونیادی کەڕنەڤاڵی ئامادە بوونی هەیە، بەڵکو بەشـــداریکردنی دەنگ ئەو ئەتمۆسفێرە درووست دەکات، وەك چۆن دەنگ بـــە تەنیا ناتوانێ ئەو بونیادە دروووســـت بکات، بەڵکو دەنگ بەشـــداری لەتەك جەستە دەکات تاوەکو هەریەکە لە کولتوری جەســـتە و بونیادی کەڕنەڤاڵـــی بگوازێتەوە بۆ یەکەیەکـــی هارمۆنی، ئـــەو یەکەیە کەڕنەڤاڵـــی کولتورەکان دادەمەزرێنـــێ، کە بەرهەمی ئـــەو (ووزە) یيە کە لە توانای فیگورەکەیە دەری بخات، بۆیە ووزەی هەر فیگورێك جیاوازە لـــە ووزەی فیگورێکیتر، بۆیە فیگـــور ناتوانێ نوێنەرایەتی کارەکتەرێك بکات، بەڵکـــو ووزەی خۆی بونیاتی فیگورە لە کەڕنەڤاڵ، فیگور ووزە چڕ دەکاتەوە بۆ جەســـتەی کولتوری، تاوەکو لەڕێگەی گەڕانەوە بەرەو یادەوەری لەیادکراو ڕیتواڵێکی شـــانۆیی بێنێتە کایەوە، ئەوەش بۆ ستایشکردنی ڕابردوو نیە، بەڵکو بە پێچەوانـــەوە وێرانکردنی ڕابردووە، لێدانە لەو گوتارە باڵایەی کە ووزە لەڕێگەی دەنگەوە دەری دەخات، باشـــترین نمونە گەڕانەوەمان بۆ تێکستی ئاڤێستا و سرووتە زەردەشتیەکان، گەڕانەوە نیە بۆ داکۆکیکردن لە زەردەشتیەت وەك ئاین، بەڵکو ئەو گەڕانەوەیە بنەمایەکـــی ڕیتواڵە، وێران کردنی یادەوەریە،

بەمەبەسـتی بنیاتنانی جیهانێکی نوێ، ئەوە ستایش کردنی ڕابـردوو نیە، بەڵکو بەتاڵکردنەوەیەتی لە موقەددەس، تەنانەت ماتریالی ئاگر بۆ موقەددەس کردنی ئاگر نیە، بەڵکو ئەگەر چەمکێکی موقەددەس بوونی هەبێت ئەوە شانۆ خۆیەتی، هەر بۆیە شـوێنی نمایش کاتێ زیاتر لە پەرستگایەکی زەردەشتی دەکات، ئەوە گۆڕینی ڕەهەندە ئاینیەکانی شوێنە بۆ موقەددەس کە شوێن لە پەرسـتگایەکی ئاینیەوە بکات بە پەرستگایەکی شـانۆیی، تاوەکو موقەددەس بوون بە شـانۆ ببەخشرێت، نەك بە پەرسـتگای ئاینی، بەڵام ئـەو کارە لەرێگەی گەڕانەوە بـەرەو ئەو یادەوەریە دەردەکەوێـت، وەك چۆن موغ ئەگەر ئەو کارەکتەرە موقەددەسـەی ناو پەرستگایە بێت، ئەوا جەستەی کولتوری دەبێتە ئەو موقەددەسە. کاتێ گرۆتۆفسکی ئەکتەر بەو قەدیسە لە شانۆدا سەیر دەکات، ئێمەش جەستەی کولتوری بە موغ دەبینین، هەریەکە لە قەدیس و موغ بەتەواوی بەتاڵ کراونەتەوە لە ڕەهەندە ئاینیەکان، ئەوەی جەسـتەی کولتوری موغ لە ئەکتەرە قەدیسەکەی گرۆتۆفسکی جیا دەکاتەوە، ئەوە پرۆسـەی ناونان نیە. لە قەدیسەوە بۆ موغ، بەڵکو جیاوازی کولتـوری نێوان کۆمەڵگای پۆڵەندیە لە کۆمەڵگای کوردی، بەواتای باگراوندە کولتوریەکە لەلای ئەو وادەکات ئەکتەر ببێت بە قەدیس و لای ئێمە ببێت بە موغ، بەڵام هەریەکە لەو دوانە تەنیـا بۆ ڕۆڵیان لە موقەددەس بـوون لە کۆمەڵگا ئاماژەیان بۆ دەکرێـت، نەك لە گەڕانەوە بەرەو ڕەهەنـدە ئاینیەکە، ئەو نمونەیەش لە کەرنەڤاڵی کولتورەکانی (ئۆدیبی زەردەشت) زۆر بە ڕوونی دەردەکەوێت، کاتێ کورە کوێرەکانی ئۆدیب، داوا لە ئۆدیب دەکەن کـە بیانکات بە موغ، ئەوە هێندەی دەلالەتە بۆ بە موقەددەس کردنی گەڕانی کولتوری لە شـانۆدا، بەهیچ چەشنێك پەیوەست نیە بە گەڕانەوەی ئێمە بەرەو زەردەشتیەت، ئەگەرچی ئەو داواکردنە لـە بنەڕەتدا بونیادێکی کەرنەڤاڵیە ئاوێتە بوون بوو بە جەستەی کولتوری، جەستەیەك بە تەواوی لـە یادەوەری داماڵدراوە و تەنیا بۆ ئەوەش دەگەڕێتەوە، تاوەکو ڕیتوال دەلالەتی نوێی تیا کەشف بکات.

پرۆسەی کەشف کردن وابەستەیە بە خوێندنەوەی شانۆ ناسی، بەوەی لـەو میتۆدە ئاماژەکاریەوە دەبێت چەمکە جیاوازەکانی ئەو ئەزموونە بخوێندرێتـەوە و تەئویل بکرێت، بۆیە ئێمە لەو کارەدا پێویستمان بە (سـیمیۆلۆژیای شانۆناسی) ە، چونکە شانۆناسی چەمکەکان دەگوازێتەوە بۆ ناو کەرنەڤاڵە کولتوریەکە بەوەی تاچەند هەریەکە لە (دارشـتنەوەی پانتایی، جەستەی کولتوری، بونیادی کەرنەڤاڵـی) توانیویانە ئەلتەرناتیڤێکی جیـاواز و نوێ بن و پێویسـتیان بە (دەق، دەرهێنان، دیکۆر و چوارچێوە شـێوەکاریەکانیتری شانۆ ) نەبێت، دیارە ئەوە چەندە کارێکی ڕەخنەییە و پێویستە کەسی ڕەخنەگر پێی هەڵبستێت، بەڵام دیدی ئێمە بۆ هەریەکە لەو سیمیۆلۆژیایە و شانۆناسی لەناو ئەو پرۆسەیە چیە؟ بابەتێکە پێویستی بە لەسەر وەستان و نووسینی سەربەخۆ هەیە کە لە تیۆریزە کردنی ئەزموونەکانی داهاتوو دەگەڕێینەوە سـەری، بەڵام لێرەدا هەوڵ دەدەین چەند سەرنجێکی خێرا لەئاستیدا دەربخەین.

کاتێ ئێمە لەسەرەتاوە کارمان لەسەر مانایەکی دیاریکراوی وەك بیرۆکـە نەکردبێـت، دەبێ پرۆسـەی تەئویل کردنەوەی ئامـاژەکان تاچەند گرنگ بن؟ ئایا تـا چەند ئەو ووتەیەی سیمیۆلۆژستی شانۆیی (کۆزان) کە دەڵێ "هەر شتێك لەسەر شـانۆیە ئاماژەیە" تاچەند ماتریالی بینـراو لە کاری ئێمەدا ئاماژە بنیات دەنێت؟

سـیمیۆلۆژیای شانۆناسـی لقێك نیە لە سـیمیۆلۆژیای شـانۆیی، بەڵکو پێشـنیارێکی کولتوریی کارکردنی ئێمەیە، پەیوەسـتە بە تەئویل کردنی نمایش، بە واتای پەیوەندی نێوان (سـیمیۆلۆژیا) و (شانۆناسـی) ە، شانۆناسی ئەو نهێنیەی دەیەوێ شـانۆ بناسێت، بەدوای پرۆسـەی ناسین خوێندنەوە پێویسـتی بە پرۆسـەیەکی تەئویلکاری ئەو ئاماژانە هەیە، کە نهێنی ناسینی شـانۆ دەگرێتە خۆی، مەرج نیە مەبەست لەو خوێندنەوەیە ئامادە بوونی ووتاری ڕەخنەیی بێت لەبارەی نمایشەوە، ئەگەرچی پێویسـتە ئەو ڕەخنەیە هەمیشە ئامادە بوونی هەبێت، بەڵام ئەو خوێندنەوەیەی کە ئێمە مەبەسـتمانە بە تەنیا پەیوەسـت نیە بە ووتاری ڕەخنەییەوە، بەڵکو بەرهەم هێنانـەوەی کۆمەڵێك ئاماژەیە بۆ ئـەوەی وەرگر بتوانێ لەو پەیوەندیە تەئویلکاریەی شانۆناسـی و سیمیۆلۆژیا نمایشەکە بخوێنێتەوە.

لێرەدا گەر زۆر بە خێرایی بگەڕێینەوە بۆ ووتەکەی کۆزان، دەبێ بڵێین: ئەو ئاماژانە پێویسـتیان بە سیسـتمێك هەیە بۆ ڕێکخستن، مەبەست لە ڕێکخستنی ئاماژەکانیش خولقاندنی فرە دەلالەتی جیاوازە، بـەوەی هەر وەرگرێك بەهۆی ئاگایی ڕۆشـنبیریی خۆیەوە ئاماژەکان دەخوێنێتەوە، لێرەوە گەیشتن بە دەلالـەت لای وەرگر دەبێتە ئەندێشـەیەکی گەورە، بەڵام پرۆسەی تەئویل کردنی ئاماژە بەهۆی خوێندنەوەی پەیوەندی جەسـتەی کولتوری بە دەنگ و پانتایی و ماتریالەوە وەرگر لەکۆڵ ئەو ئەندێشەیە دەکاتەوە، بەهۆی ئەوەی سیمیۆلۆژیای شانۆناسی وەرگر دەگۆڕێت بۆ ئامادە بوونی فیگوری ئەوی



**ئۆدیبی زەردەشت**

وەرگــر بۆ ئەوەی تاچەنــد توانیویەتی بوونــی لەناو ڕیتوال بوونێکی ئەکتیڤ بێت؟ ئایا توانای ئەوەی هەبووە هەســت بە ئامــادە بوونی دیاردە کولتوریەکانی ناو ڕیتوال بکات؟ ئەوەش دەبێتە پرسیاری سەرەکی وەرگر، پرسیارێك ئەو سیمیۆلۆژیایە دەیهێنێتە دی، بەشــداری لە فــراوان کردنی ئاگایی فکری وەرگر دەکات، ئەوەش تەنیا پەیوەست نیە بە ئاماژە بینراوەکانی جولە و وێنە شانۆییەکەوە، بەڵکو ئاماژە دەنگیەکان و تەنانەت جــل و بەرگ کە لای ئێمە ئاماژەیەکــی کولتوریە، تەواوی ئەو ئاماژانە لەناو گوتاری ڕێکخەر خۆیان دەردەخەن، ئەوەش پەیوەندی پتەوی نێوان وەرگر و شانۆیە، بەوەی شانۆناسی بە گەڕانی شانۆکاران دەســت پێ دەکات، بەگەڕانی وەرگریش سەر لەنوێ پڕۆسەی پشــکنین دێتە کایەوە، بەڵام پێویستی بە ژمارەیەکی دەست نیشان کراوی وەرگرە، ژمارەیەکی دەست نیشان کراو توانای خوڵقاندنی ئەو پەیوەندیە ڕیتوالیەی هەیە، کە لەناو ڕیتوال ببێتەوە بەشێك لە جەستەی کولتوری.

## لەنێوان ئەتمۆسفێر و ڕیتوال

ریتوال و ئەتمۆســفێر دوو چەمکی بەهاداری ناو پڕۆسەی کارکردنن، ئەو دوو چەمکە خاوەنی دوو پانتایی ســەربەخۆی خۆیانن، بەهۆی ئەوەی ئێمە لە خوێندنەوەمان بۆ ئەو دوو چەمکە لەڕێگەی ئەزموونی (حیکایەتی لم) ەوە پێی گەیشتووین، بۆیە لێرەدا لەئاســتی تیۆریزە کردنەوەی ئەو ئەزموونە پراکتیکیەوە دێینە سەر نووسینەوەی هەردوو چەمکەکە.

ئەتمۆســفێر لە بنەڕەتدا چەمکێکە لە داڕشتنەوەی پانتایی بنیاتی دەنێین، هێشتا ڕیتوال نەهاتۆتە دی، ئەتمۆسفێر بریتیە لە پەیوەندی جەســتە و بۆشــایی، ئەو پەیوەندیە لەڕێگەی جەستەی کولتوری و بیناســازی شوێن دەردەکەون، جەستەی کولتوری. جەستەی ئەو فیگورەی بەپێی توانای ڕۆشنبیری خۆی یادەوەریەکی ئەرشــیفی هەیە بۆ ڕابردوو. لە تێگەیشتن بۆ شکستەکانی یادەوەری گشتی، ئەوانەش بریتین لە (وێنە، فیلم، ڕۆژنامە، حیکایەت) هەموو ئەمانە بۆئەو بوونەتە بەشێك لــە یادەوەری کولتوری، بەڵام ئەوانە بۆ بەرهەم هێنانەوەی نیە لە نمایشــدا، بەڵکو تەنیا دەیەوێ کولتورێك بێت بۆتێگەیشتن، تاوەکو بتوانێ لەو بیناســازیە کۆن و بەسەرچووەدا وێنەیەکی نوێ بخوڵقێنێ، ئەو وێنەیە لەدایکبوونی وێنەی ئەتمۆسفێری

جەســـتە و شــوێنە، ئەوە وا لە بینەر دەكات، كردەی وەرگرتن. كردەیەكـــی نامۆ بێت، دەیەوێ بگاتە نهێنی ئەو وێنەیە، بۆیە پەنا دەباتە بەر تێگەیشـــتن لە ماناكانی دەنگ، لەڕاســـتیدا تێگەیشـــتن لە مانایەك بۆ دەنگ تێگەیشـــتن نیە لە دەنگ، بەڵكو دەرچوونە لو ئەتمۆسفێرە و كوشتنی فرە دەلالەتی دەنگە لەپێنـــاو تاكە دەلالەتێك كە دەیـــەوێ ڕێگای تەئویلی جیاواز لە نمایشەكە بكوژێت، خۆشـــی لەسەر تەفسیرێكی ناو واقیع بگیرسێنێتەوە، ئەوەش كوشتنی پرسیارە لەناو خۆی، بۆیە ئەو بینەرە ناتوانێ هەســـت بە كاریگەری ئەو ئەتمۆسفێرە بكات، تەنیا لە هەستی سەرسامی دەیەوێ مانایەكی سنووردار بۆخۆی بدۆزێتەوە، ئەوە نە گەیشتنە بە مانا، نە خوێندنەوەی بونیادی فەلســـەفی وێنەیە، چونكە خوێندنەوەی بونیادی فەلسەفی پەیوەســـتە بە ڕێگەدان بە تێكشكاندنی مانای سنوورداری ناو ژیان و گومان كردن لەو تاكمانابیەی لە ژیاندا ئامادەیی هەیە، دەنگ بۆ ئەوە نیە وەزیفەی بونیادی حیكایەت ببینێت، پێشوو ئەوەمان دەرخســـت كە دەنگ میتا حیكایەتە، بەواتای دەنگ پرۆســـەیەك نیە بۆ خولْقاندنی حیكایەت، بۆیە تێگەیشـــتنی تاكمانایی دیدێكی غەیبانیە گەر بینەر بیەوێ پێی بگات.

وێنەی ئەتمۆســـفێر ساتی بەشـــداریكردنی نێوان (جەستەی كولتوری/ جەستەی بینەر) ە، ئەو بەشداریكردنە نووسینەوەی كۆمەڵێك ئاماژەی زمانەوانی و جەستەین لە بۆشاییدا.

ئاماژە لەنێو سیستمێكی نێرەر ڕەمز دێنێتە كایەوە، بونیادی دەنگـــی ڕەمز بارگاوی دەكات بە ســـرووتە كۆمەڵایەتیەكان، لێرەوە ئەتمۆســـفێر دەرگا لە ڕیتوالی شانۆیی دەكاتەوە، ڕیتوال بەشـــداری جەســـتەی كولتوریە لە ســـرووتی كۆمەڵایەتی، ئەو ســـرووتە گواســـتنەوەی ســـرووتێكی كۆمەڵگاكان نیە، بەڵكو ســـرووتە كۆمەڵایەتیەكە تەنیا ســـوود لە تەكنیكەكەی وەردەگیرێت، وەك لە سرووتی پاكژبوونەوەی (ئۆدیبی زەردەشت) سرووتەكە ڕیتوالێكی شانۆییە، بەڵام لەڕووی تەكنیكەوە سوود لەو ســـرووتەی هندیە ســـوورەكان وەرگیراوە، بەهۆی ئەو دوو ئەزموونەی پێشـــومان. تێگەیشـــتنێكی هەڵە لەلای بەشێكی بینەران و شـــانۆكاران كەوتـــەوە، بەوەی ڕیتوالی شـــانۆیی بریتیە لە ئاگر و تێكســـتی ئاڤێســـتا و دەنگـــی ئاهورا، ئەو تێگەیشتنە بۆ ڕیتوال تێگەیشتنێكی دینیە نەك شانۆیی، بۆیە گوزارشـــت لە مەعریفەیەكی كز دەكات، ئەوەش گەیاندمانیە ئەو بۆچوونەی كە تێڕوانینـــی ڕەخنەیی دوای ئەزموونەكان، بینەرانی ئێمە بەشی زۆری خاوەنی ئاگاییەكی ڕەخنەیی نین لەئاستی ئەزموونەكان بن، هەمیشـــە قسەكردن لە كۆڕەكانی


نیگاکردن وەک بەشێک لە سیمۆلۆژیای شانۆ ناسی

هەڵســـەنگاندن، قسەکردن نەبووە لەسەر شانۆ. بەڵکو قسەکردن بووە لەدەرەوەی شـــانۆ، بۆیە ئەو بازنە ڕەخنەییەمان گواستەوە بۆ مێزگرد و بازنەی گفتوگۆی چەند شانۆکارێك.

ئێمـــە لـــە (حیکایەتی لم) ئەوەمان بەتـــەواوی گۆڕی کە ڕیتوال بریتی نیە لەو تێگەیشتنە کۆنکرێتییەی کە دەبێ لەڕێی ئاگرەوە بێت، دیسان نەبوونی ئاگر بۆخۆی ڕیتوالێکی تربوو، چونکە دەنگی (لـــم) بونیادێکی کولتوری و جەســـتەیەکی کەرنەڤاڵیە، کە بیابـــان دەبێتە هۆی کوژانەوەی ئاگر، ڕیتوال لێرەدا تێکشـــکاندنی بونیادی جەســـتەیی نیە، بەڵکو ڕیتوال بریتیـــە لەو دوو وێنـــە لەتکراوەی لەســـینۆگرافیای کارەکە یەکدەگرنـــەوە و وێنەی ئەشـــکەنجە بنیات دەنێنـــەوە، لەمانا قووڵەکەی، هەریەکە لەو دوو وێنەیەی ئەشـــکەنجەی دەروونی فیگور، گوزارشت کردنە لە دوو قۆناغی کۆمەڵایەتی مێژووی مرۆڤ، ئەشکەنجەدانی (شکۆ) ئاماژەیەکی دەسەڵاتی سزایە (ئەو دەســـەڵاتە بەلای میشێل فۆکۆ دەسەڵاتێکە دەگەڕێتەوە بۆ بەرلە ســـەردەمی مۆدێرنیتی، مەبەســـت لە ئەشکەنجەدان داکۆکیکردنە لە سەروەری حاکم یا پاشا) بەڵام ئەشکەنجەدانی (کارۆخ) ئاماژەیە بۆ (دەسەڵاتی کۆنترۆڵ) ئەو دەسەڵاتەیان بریتیە لە کۆنترۆڵ کردنی جەســـتە و چاودێریکردنیەتی، کە لەڕێگەی دەزگاکانـــی مۆدێرنیتی بەڕێوە دەچێت، لێرەدا ئەو دەسەڵاتە مرۆڤی دەستەمۆ بەرهەم دێنێت.

ڕیتوالی ئەشکەنجەدان لەهەناوی دەســـەڵاتەکانەوە هاتووە، تێگەیشتنێك نیە بۆ جینۆسایدی تاکە قۆناغێکی دەست نیشان کراو، بەڵکو دەرخســـتنی وێنەکانی دەسەڵاتە بۆ ئەشکەنجە لە سیستمی خێڵەکایەتیەوە بۆ شێوازەکانی ئەشکەنجە لەدەزگاکانی مۆدێرنیتی، ئەوەش دەماگەیەنـــێ بەو دەرەنجامی کە ڕیتوال بریتیە لە کۆی ئەو ئەتمۆسفێر و وێنە جەستەیی و دەنگیانەی لەهەناوی خۆیاندا نمایش دەکەن بە ڕووبەرێکی نوێ بۆ ژیان، دنیایەك نەك لەوێوە بگەڕێینەوە کە تاچەند دەتوانین ئەو وێنەیە بە وێنەکانی دنیای واقیعەکەمان بشوبهێنین، بەڵکو وێنە واقعیەکە خۆی بە ژیانە ڕاســـتەقینەکە بزانین، بەواتای ئەو ئەتمۆسفێرە شـــانۆییە بەدوای گۆڕینی بۆســـەر ڕیتوال دنیایەکی نوێمان بۆ بخولقێنێ، ئەوەش بەتەنیا ســـەیرکردنەوەی ئێستای بوونمان نیە، بەڵکو سەیرکردنمان بۆ یادەوەری کوردیش خوێندنەوەیەکی جیاوازە، کە هەڵگری ئەو ئەزموونەیە کە هەریەکە لە جەستەی کولتوری و بیناسازی شوێن هەڵگری دەبن.

**بنیاتی کولتوری لە بیناسازی شوێندا**

پەیوەندی نێوان بیناسازی شوێن و بنیاتی کولتوری بابەتێکی نەخوێنراوی پێش خۆمانە، ئەوەیان باسێکە لەڕێگەی پرۆسەی خولقاندنەوە بنیاتی دەنێین، هەیوانی خانوویەکی کۆن، چەندین ســـەدەیە ژیان تێیـــدا بوونی نەماوە، ئـــەو زیندەگیە چۆن بە بیناسازی ئەو شوێنە دەبەخشینەوە؟ ئەوە پرسیاری سەرەکیە کە بەر بنیاتـــی کولتوریمان دەکەوێت لە ئەزموونی (ئەنتیگۆنای قەڵا).

ئەنتیگۆنـــا لەچـــی یاخی دەبێت؟ کۆشـــکەکەی ئەو چی تیاماوەتەوە؟ ئەوە پرسیارێکە بۆ سەرەتای ئەو پەیوەندیە، بۆیە کەشـــفکردنی ئەو پانتایە کارێکە بە زەحمەت خۆی دەدات بە دەســـتەوە، بەتایبەت بۆ ئەزموونی ئێمە کـــە نامانەوێ لەناو ئەفســـانەی گریکـــی کۆتایی بە ســـنوری پانتایی کارکردن بێنین، ئەفسانە لەناو پرۆسەی تێکشکاندنەوەی مانادا هەموو ڕەهەندە مێژوویی و کرۆنۆلۆژیای مانا لەدەست دەدات، مانا لەو ئەزموونەدا چیە؟ پرسیارێکە هەموو ڕۆژێك لەخۆمانی دەکەین و بە وەڵامەکەی ناگەین، دەزانین ئەوە نهێنیەکەیە، نهێنیەك لە قووڵایی مەشقەکاندا شاردراوەتەوە، تا مەشق و گەڕانەکانمان فراوانتـــر بێت، زیاتـــر لەو نهێنیە ئەفســـوونیە نزیك دەبینەوە، هەندێك جار ئـــەو نهێنیە لێمان یاخی دەبێـــت بێدەنگ دەبین دادەنیشین بیردەکەینەوە، پشوو دەدەین هیچ ناکەین دەزانین دەبێت بەدوای میکانیزمێکی تـــردا بگەڕێین، ئەوەی تا ئێرە هاتووە لێرەوە توانای کەشـــفکردنی نیە، ئێمە ناچارین دەســـبەرداری سرووتەکانی ئاینی زەردەشـــتی بین، بەڵام ئەو سرووتە دەبێتە مەعریفەیەکی نەســـتی، ئەوەش ئیشـــکردنەوەیەکی جیاوازترە لەســـەر کولتور، ئەگەر جل و بـــەرگ ئاماژەیەکی کولتوری هەمیشـــەیی کاری ئێمە بێت، هێشـــتا دەتوانین لە ئەنجامی قووڵ بوونەوەی فەلســـەفی ئەو بنیاتە کولتوریە بگۆڕین بۆ ناو دیدی جیاوازی خوێندنەوە، ئەوە ســـەرەتای گەیشـــتنە بە نهێنەکە، چونکە دەگەینە ئەو تێڕوانینەی کە چەمکی یاخی بـــوون لای ئەنتیگۆنا لە ئەفســـانە گریکیەکەوە بگۆڕین بۆ مانایەکیتر، بۆیە لەخۆمان دەپرســـینەوە: ئەنتیگۆناکەی ئێمە بۆ یاخی دەبێت؟ چی وای لێـــدەکات یاخی بوون بیگەیەنێتە ســـزای مەرگ؟ ئایا ئەنتیگۆنا مەرجە بمرێت؟ ئەی ناکرێت ئەو لەناو دۆخێکی نەمریی بژیێت؟ چی نەمریی بە ئەنتیگۆنا دەبەخشـــێت؟ پەیوەندی ئەنتیگۆنا وەك ئاماژەیەکی فیگوری کولتور بە بنیاتی شـــوێنەوە چیـــە؟ ئایا ئەو پەیوەندیە توانای دیدێکی نەخوێنراوەی هەیە؟

سەرەتای پرســـیارەکانمان بردە ناو گریمانەیەکی فەلسەفی نیتچە کاتێ لە کتێبی (وەهای گووت زەردەشت) لەسەر زمانی

زەردەشت بانگەشـــە بۆ مردنی خودا دەکات، زەردەشت لەسەر شاخەکانەوە هاوار دەکات "خودا مرد" ئەو بانگەشەیە بۆ مردنی خودا، لەڕاســـتیدا بۆ مردنـــی میتافیزیکیا بوو، بۆ ئێمە ئەو بانگەوازەی زەردەشت دەچێتە ڕۆحی ئەنتیگۆناوە، یاخی دەبێت بەوەی خودا مردووە. ئیـــدی زیندوو نیە، ئەوە یاخی بوونێکە بەدژی دەزگا ئاینیەکان، کە دەزگاکان ســـەرباری لاوازبوونی دەســـەڵاتیان نایانەوێ دان بەو ڕاستیە بنێن، گریمانەکە لێرەدا بەپێی سیستمێکی سیمیۆلۆژی چەندین ئاماژەی فەلسەفی بـــەدوای خۆیدا دێنێت، یەکەم دەنگی دەری دەبڕێت هاوارە بۆ ئـــەوەی مردنی خودا تەنیا کردنی ئـــەوە، بۆیە هاوار دەکات "ئالۆ. ئالۆ لەما شـــەبەقتەنی" ئەوە دێری مەسیح بوو کاتێ بەســـەر خاچەکەوە دەڵێت "خوایە بۆ بەتەنیا بەجێت هێشـــتم" هەست دەکات ئیدی ئەو تەنیایە، ئەو تەنیا کردنە وای لێدەکات خوێنی مردووەکە بەدەســـتی خۆیەوە ببینێت، دەیەوێ خۆی لە خوێنەکە پاك بکاتـــەوە، ئەو لێرەدا لە لیدی ماکبێس دەچێت، هەســـت دەکات خوێن لە پەنجەکانی نابنەوە، بەرەو ئازارێکی ماسۆشی دەڕوات، لەناو ئەو گریمانەیەدا خەون دەبینێت، خودا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە تاوانی کوشتنی لەلایان کۆمەڵگاوە ئـــاگاداری بکاتەوە، ڕێـــك حالەتێکی هاملێتیـــە، خودا لە تارمایی پاشای کوژراو دەچێت، هەر بۆیە یاخی بوون جۆرێك لە حالەتێکی شـــیزۆ فرینی لا درووست دەکات کە لە هاملێت بچێت، بەلای جۆلیا کرسستیڤا هاملێت لەڕێگەی قسەکردنەوە دنیای نەستی زمان ئاشـــکرا دەکات، ئەنتیگۆناکەی ئێمەش لەڕێگەی زمانی خەونەوە دەگاتە لوتکەی جۆرە شێتیەك کە حەقیقەتی کوشـــتن لای ئەو بێت، ئەوە خەونە کاتێ لەگەڵ خودا دەخەوێت، ئەو خەونەی ناو خەون دنیای لا وێران دەکات، چونکـــە ناتوانێ خـــەون و حەقیقەت لەیەکتـــر جیا بکاتەوە، هەست دەکات مندالی دەبێت و سکی پڕە، ئەنتیگۆنای یاخی نایەوێ وەك مریەم عیسایەکی ببێت چونکە دەزانێ کۆمەڵگا عیســـاکەی لە خاچ دەدەن، ســـکەکەی لەبـــار دەبات، کاتێ هەســـت دەکات دۆزەخ لەکۆشـــکەکەدایە دەیەوێ لەدۆزەخی ناخـــی خۆی ڕزگاری بێـــت، بۆ ئەوەش بـــەرەو گریمانەی زەردەشـــتەکەی نیتچە دەگەڕێتەوە، دەیـــەوێ کۆمەڵگا لەو مردنە ئاگادار بکاتەوە، ڕێك وەك ئەو دێرەی نیتچە لەزمانی زەردەشتەوە پێمانی دەڵێت "دوور نیە ئەم قەدیسە پیرە هێشتا لە دارستانەکەدا شتێکی لەەی نەبیستبێت کە خودا مردووە" ئەوەش کەشـــفکردنی چەمکی یاخی بوونی ئەنتیگۆناکەی ئێمەیە، بەدوای مەرگی خودا ژیانی ئەو مانای نیە، مرۆڤ بێخودا چیە؟ ئەوە پرسیارە فەلســـەفیەکەی ئەنتیگۆناکەمانە، وەرن خـــودا لە ڕۆحم بکەنە دەرەوە، ئەو لێرەیە لەناومایە، بۆ ئەوەش کۆپلە شـــیعرێکی بۆدلێر لەلای ئێمە دەگۆڕدرێتە سەر چەند دەنگێکی جیاواز کە لە بنەڕەتدا شیعرەکە بریتیە لەوەی "خوایە ئازار پیرۆزکە/ من دەروونم لەنێو دەســـتەکانتە/ حیکمەتەکانت سنووریان نیە" دەنگ لەڕێگەی سیستمی ئاماژەوە مانایەکی تر بە نەمریی خودا دەبەخشێت، ئەوەش پرۆسەیەکی دۆنادۆنیە کە لەخەونەوە بۆ ئەنتیگۆنا دەبێتە حەقیقەت، دەچێتەوە ســـەر هەمان نەمریی، بەواتای خەونەکە نەمریی پێ دەبەخشـــێت، هەرچی پەیوەندیشـــی بە ئەنتیگۆناوە هەیە وەك ئاماژەیەکی کولتوری فیگور بە بنیاتی شوێنەوە، ئەو پەیوەندیە بۆتە هۆی خولقاندنی دنیایەکی نوێ بەهۆی ئەوەی شـــوێن کە قەڵایە دەبێتە پاشگری ئەنتیگۆنا، واتا ئەنتیگۆنای قەڵا نووسینەوەی مێژووی ئێمەیە لەڕێگەی کولتورەکانەوە، ئەوەش تەواوکەری (هاملێتی کەرکوك) و (ئۆدیبی زەردەشـــت) یە، کە مێژووی ئێمە سەرلەنوێ لەناو کولتورە جیاوازەکان دەیخوێنینەوە، ئەوەش بنیاتنانی گوتاری ئێمەیە لە شوێن، کە لە ئاستێکی هونەری باڵا دەمانەوێ بیخەینە ڕوو، سنوری زمانی ئاخاوتن نەبن بە گرفت، بەڵکو زمانەکان بەهەمان سیستمی سەربەخۆی خۆیان وەك یەکەی دەنـــگ دێنەوە تاوەکو لەتەك دیاردە کولتوریی و خەسڵەتی کولتورە جیاوازەکان خۆمانی تیا بنووسینەوە، ئەوەش پرۆسەی گەڕان و توێژینەوە و پشکنینێکی بەردەوامە لەکاری شانۆیی ئێمەدا.

ئێمە بەدوای تـــەواو بوونی ئەو قۆناغـــە تێبینی ئەوەمان کـــردووە، کە کاتـــێ دەق بوونی نیە، ئـــەوە چەمکی دەق بە شـــانۆ گۆڕاوە، بەواتای پرۆسەی ناســـین گواستراوەتەوە بۆ پرۆســـە شانۆییەکە خۆی، شـــانۆ بۆخۆی دەقێکی بنیاتناوە لەســـەر بنەمای زانستی کۆمەڵناســـی، ئەوەش ئیشکردنەوە بووە لەســـەر کولتور و ســـرووت و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان، ئەو ئیشـــکردنەوەیە پرۆســـەی دەقناســـی گۆڕیووە بە شانۆ ناسی، شانۆناســـی پرۆسەیەکی سیمیۆلۆژیە بەهۆی ئەوەی ناســـین بریتیە لە کۆمەڵـــە ئاماژەیەکی کولتـــوری، لێرەدا پێشنیاری سیمیۆلۆژیای شانۆناسی پێشنیارێکی ئێمەیە لەم ئەزموونەدا.

ســـیمیۆلۆژیا و شانۆناســـی دوو چەمکی ســـەرەکی ناو ئـــەو ئەزموونەن، کاتێ لە پرۆســـەیەکی هارمۆنیدا ئاوێتەی یەك دەبن، بەواتای ئەوان لـــەدوا قۆناغی خۆیاندا دەیانەوێ جیهانبینی ئەو ئەزموونە بخوێننەوە، ئەوە هەوڵێکی میتۆدیە



**ئاماژەی جەستە لە ئەنتیگۆنای قەڵا**

بۆ خوڵقاندنی ئەزموونێکی سەربەخۆ، ئەزموونێك لە ئەنجامی گەڕانی بەردەواممان هاتۆتە دی، لە ئێستاشدا پێویستی بە دەرخستنی تەواوی ئەو خاسیەتانەیە.

ئێمە بە کەرنەڤاڵی کولتوری (ئەنتیگۆنای قەڵا) لەناو تێگەیشتن و گریمانەیەکی فەلسەفی بووین، خوێندنەوەی ڕەخنەیی بەهۆی نائامادەبوونی ئەو ئاگاییە ڕەخنەییە ناتوانێ بگاتە میتا مانای ئاماژە، ئەگەرچی هەمیشە لەهەر ئەزموونێکدا بینەرانێکی دەستەبژێر ڕەخنە و پرسیارەکانیان سەرنجی ئێمەیان ڕاکێشاوە، بەڵام کەمتر ئەو بینەرە کائینێکی شانۆیی بووە، ئەوە لەپاڵ چەند شانۆکارێك توانیویانە لە ئاستی ئەزموونەکە گفتوگۆ بکەن، گفتوگۆیەك لەبازنەیەکی دەست نیشان کراو تێنەپەڕیووە، هەندێکجار ئەوانەی گفتوگۆیان کردووە شانۆکار نەبوونە، بەڵام سەرباری ناپسپۆڕی ئەوان لە شانۆدا، کەچی گفتوگۆ کردنەکانیان لەناو پرۆسە شانۆییەکەدا بووە، بە پێچەوانەی ئەو شانۆکارانەی کە لەدەرەوەی پرۆسە شانۆییەکە گفتوگۆ دەکەن.

ئەنتیگۆنای قەڵا بەریەکەوتنە لەنێوان کولتورە جیاوازەکان، ئەنتیگۆنا وەك کولتورێکی گریکی و قەڵا وەك ئاماژەیەکی کولتوری بۆ چەمکی ئێمە بوون، کاتێ دەمانەوێ ئەنتیگۆناکەمان جیاواز بێت، پێویستمان بەوەیە تەواوی

بونیادی فکری و ئاستە جیاوازەکانی کەسێتی بەپێی ئەفسانە گریکیەکە نەهێنینەوە، بەڵکو تەنیا چەمکی یاخی بوون تاکە چەمکێکە لای ئەتیگۆنا ماوە، لێرەدا ئەوەی تێبینی دەکرێت بۆ ئەو ئەزموونەی ئێمە ئاگر وەك ئەزموونەکانی تر ئامادە بوونی نەبوو، بەڵکو ئاگر شتێ بوو لەناخی جەستەی کولتوری بوونی هەبوو، ئەوەش جیاوازی جۆری ئەو ڕیتوالە بوو، لە ئەزموونەکانی پێشوو، جگە لەوەی تەواوی ئەو پانتایە لە ڕێگەی قوماشەوە چارەسەر کراوە، قوماش دەبێتەوە بە کارەکتەر، قوماش لەدەرەوەی بەهای ئیستاتیکیەکەشی پەیوەندی جەستەی کولتوریە بە وەهمی کارەکتەر، ئەوە جگە لەوەی بوونی سێ ڕەنگ (سوور، سپی، زەرد) سێ ئاماژەی جیاوازی ناو ئەتمۆسفێری وێنەیە کە لەڕێگەی ڕەنگەوە وێنە زیاتر مانا بەڕووی خۆی دەکاتەوە.

بنیاتنانی نمایش بەبێ بوونی دەق و بیرۆکە چۆن درووست دەبێت؟ ئەو پرسیارە گومانی هەر بینەرێکە لەکاری ئێمەدا، بەڵام بەهۆی پڕۆسەی گەڕان لە شوێن و خولقاندنەوەی پەیوەندی جەستەی کولتوری بە پانتاییەوە، ئەو گومانە بە پرسیاری فەلسەفی ڕەوایەتی خۆی وەردەگرێت، ئەوە ئیشکردنەوەیە لەسەر چەمکەکانی (خۆشەویستی، مەرگ، فەنابوون، تەنیایی، ترس) ئەو چەمکانەی لەهەموو سەردەمێکدا پەیوەندی ئەزەلیان بە مرۆڤەوە هەیە،جیاوازی ڕەگەزی و نەتەوەیی و ئاینی ئەو چەمکانە ناگۆڕێت، بەڵکو دەکرێ لە ڕووبەڕوو بونەوە و میکانیزمی چارەسەری کولتوری گۆڕانی بەسەردا بێت، ئەو مەشق و ڕاهێنانەی سەرەتا بەو مەبەستەیە دنیایەکی نەخولقاو بێنینە دی، گرنگ نیە بیرۆکەیەك لەسەرەتادا هەبێت، ئەوە پرسیارەکە نیە، پرسیارەکە ئەوەیە: چۆن ئەو پانتاییە بە جولە و دەنگ دەنووسرێنەوە؟ کە پەیوەندی فەلسەفی و ئیستاتیکی تیا بخولقێنرێت، سەرەنجام ئەو پرسیارە بەپێی ڕۆژەکانی پڕۆڤە نمایشێکمان لا درووست دەکات، نمایش دەقێکی بینراوی ئاماژە و دەلالەتە، ئەوە دەقێکی فرە دەلالەتیە، کە خاوەنی سیستمێکی فکری و فەلسەفی و ئیستاتیکیە، بەڵام ڕۆژەکانی پڕۆڤە نووسیویەتیەوە، ئەو دەقە بەشێکە لەنهێنی کارەکە، کاتێ لەخۆمان دەپرسین: دەق چیە؟ لەوەڵامدا گەیشتووینەتە ئەوەی دەق مەشقە، نەنووسراوێکە لەدەربڕینی دەنگ و گوزارشتی ناوەکی جەستە دەیەوێ شانۆ بنووسێتەوە، ئەوە نووسینەوەیەکە بۆ لەدایکبوونی زانست، زانست ناسینە، زانست و ناسین دەسپێکێکیترە بۆ دەقناسی لە شانۆدا، دەقناسی بریتیە لە داڕشتنەوەی تەواوی کولتورە جیاوازەکان، پڕۆسەیەکە بۆ نووسینەوەی سرووت، نووسین کردەیەکی بەرجەستەکراوی سیمیۆلۆژیە، ئەوە بەرزکردنەوەیەتی لەسەر ئاستی ئاماژەی دەنگی و ئاماژەی بینراو، چونکە دەقناسی گواستنەوەی واقیع نیە بۆ ناو نووسین، ئێمە دەقناسی بەهەمان مانا کریستڤیەکە "مەبەست لە جۆلیا کریستیڤا یە" وەرمان گرتووە، بەڵام ئێمە (دەقناسی) مان گۆڕی بۆ (شانۆناسی) بەهۆی ئەوەی شانۆی ئێمە دەق بنیات دەنێت، بەڵام دەقێك پەیوەستە لەسەر ئەو ئاگاییە مەعریفیەی شانۆ، دەقێکە شانۆ لەڕێگەی میکانیزمەکانی خۆیەوە دەیهێنێتە دی، بۆیە شانۆناسی پڕۆسەی لەدایکبوونی شانۆیە، لێرەدا کاتێ دەمانەوێ نمایشی شانۆیی وەك پڕۆسەیەکی دەقناسی بخوێنینەوە، ئەوە دەبێ لەناو میتۆدی سیمیۆلۆژیەوە سەیری شانۆ بکەین، بەهۆی ئەوەی ئەو پڕۆسەیە هەوڵێکی تەئویلکاری زمانە، مومارەسەکردنی دالی زمانە، ئێمە لەم کارەدا لەسەر پەیوەندی (شانۆناسی) و (سیمیۆلۆژیای شانۆ) ئیش دەکەین، بەهۆی ئەوەی هەریەکە لەو دووانە دەیەوێ بۆ نووسینەوەی ڕووبەری نەنووسراوەکانی بەشداری لەوەیتر بکات، ئەوەش باسێکە لەوانەیە ئەزموونەکانی داهاتوو پرۆژەی جیاوازی تیا بێنێتە بوون و بتوانین پڕۆژەیەکیتر لەناو سیمیۆلۆژیای شانۆناسی بنیات بنێین، بەڵام هەر ئەزموونێك بەرەنجامی کاری پشکنین و گەڕانە، بۆیە تا دەست بە پڕۆژەی تر نەکەین ناتوانین لەسەر ئەو باسە قووڵ بینەوە، دەکرێ لە داهاتوودا سیمیۆلۆژیای شانۆناسی کتێبی سەربەخۆی بۆ تەرخان بکەین، بەڵام کتێبێك پێویستی بە ئەزموونی پراکتیکی و بەردەوامی و پشکنینی دەنگ و جەستە و خاسیەتە جیاوازەکان هەیە لە تەواوی ئەزموونەکانی ئەو کتێبەی ئێستا، ئەوەشیان دەبێ بۆ داهاتوو بەجێ بێلین کە ئاخۆ دەتوانین کاری جیاواز بکەین یاخود ئەو کتێبە لێرەدا گەڕانەکانی ڕادەگرێت، ئەگەرچی دڵنیاین لەوەی هیچ ئەزموونکارێك نیە وەستان قبووڵ بکات، بۆیە ئێمەش خەونی ئەوەمان هەیە ئەزموونەکانی داهاتوو پەی بەهەموو ئەو نهێنیە شاراوانە ببات کە تا ئیستا نەمانتوانیووە کەشفیان بکەین.